لێکترازان لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا.. حەیدەر عەبدولرەحمان

بە یەکەمجار لەساڵانی هەشتاکان بوو، لە ئەکادیمیای هونە جوانەکانی بەغدا(دانا ئاووف)م وەك گەنجێکی تینوو بە شانۆ ناسی، جارجارەش لە پەراوێزی نمایشکی قوتابیانی ئەکادیمیا، یەکترمان دەبینی، زۆر بچڕی دەخزاینە نێو گفتوگۆی گەرمی شانۆیی.
جارێکی تر هەر لەو سەردەمدا لەگەڵ بینینی نمایشی (باخچەی ئاژەڵان) لەسلەمانی، لەگەڵ {دانا ئاووف) بڕیك گەیشتینەوە.
ئەو کات دانا، هاوکوف لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەی ئەکادیمی لەشانۆی ئەزموونگەری، لە هەوڵی ئەوە دابوون، فۆرمێکی نوێ بەشانۆی کوردی ببەخشن و بینەری کورد لەڕووتکی نوێ ئابنن، کە فریاد ڕەسکی ئەو فۆرمە واقیعیە تەقلیدیە بێت شانۆی کوردی تەدا دەژیا، بەڵام ئەزموونگەری نەیتوانی وەك ڕیبازیك شوێنی خۆی بکاتەوەو پانتاییەك لەشانۆی کوردی داگیر بکات و بەئاسانی پووك نەبەتەوە.
زۆر ئارەزووم بوو دوای تەپڵە بوونی زەمەنێکی درێژ (دانا ئاووف) وەك دەرهێنەر لەسەر شانۆدا ببینم، بە وەڵامدانەوەی کەمێك پرسیار کە بەردەوام لەمشکمدا گینگڵیان دەخوارد.
وەك پرسیاری ئەوەی: ئایا (دانا ئاووف) دوای ئەو هەموو پشکۆتنە فیکری و تیۆریەی لەو ساڵانەی دواییدا لەئەوروپا بەدەستی هێنا، ئایا بەهەمان شێوە، توانیوویەتی لەووی پراکتیکیشەوە توانستە زانستی وفیزیکی و لابوریێکانی خۆی پڕە پێ بداو وەك پێویست سوود لەشانۆی ئەوروپی و پشکۆتنکانی ببینێ؟
ئایا (دانا ئاووف) بەخۆی و ئەزموونی چەند ساڵی لەکوردستان و ئەوروپا ئەستا دەتوانێ وەك دەرهێنەرێکی خاوەن ئەزموون، لەسەر پێی خۆی بوەستێ و شان بەشانی دەرهێنەرکانی کوردستان لەسەر شانۆکاباری لەسەر داهێنان بکاو لەقیستیڤاڵی نێو دەوڵەتیکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ؟
دەیان پرسیاری دیکە، منیان بەخەیاڵەوە سەر قاڵ کرد.
بڕیام کاتێ خۆی و بەرهەمکەیم لەنمایشی (لێکترازان)بەچاوی خەم بینی، وەك چاوەڕوانیم دەکرد نمایشکە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی دامەوە و لەهەموو ئەو تەومژییە رزگاری کردم.
بەر لەهەموو شتێ دەڵێم، ڕاستی من هەستم بەهاوسەنگ بوونی ئەو دوو

لایەنە تیۆریيەو پراکتیکیيەکەی (دانا) وەک مۆعریفەو کولتوورو تێکست ومیتۆدەکانی دیکەی شانۆ وەک کتێب و توێژینەوەو وتاری ڕەخنەیی بەاویان دەکاتەوە، لەگەڵ فۆرم وتەکنیك و ستاتیکای شانۆیی لەسەر شانۆ وەک پراکتیك بینیمان.
بێ شك، ئەگەر بەدیدەکی ڕەخنەیی و لێژیکی و زانستی دوور لەهیچ پێوەرێکی دیکەی مزاجی هەڵی سەنگێنی و ئەو بڕاوردە مەودا دوورەی نێوان شانۆ لەکوردستان وشانۆ لە ئەوروپا لەبەرچاو بگری، ئەوە لێژیك وا دەخوازی، کە دەبوا ئەزموونی (دانا) زۆر لەوەندەی ئێستا دوورەمەند تر بێت و زۆر لەئەنجامەکانی ئەو ئەزموونانەی پەخشی سەر شانۆکارەکانی کوردستان بکردایەو زۆریشی لە فۆر بوونایە، وەك چۆن لەووی تیۆرییەوە سوودییان لێی بینیوە، لەووی پراکتیشەوە دەبوا هەروابێ.
وەك چۆن کاتێ سەیاح قەسەب چووە یوگسلافیا ، لەوێ ئەزموونی شانۆی (وێنە) ی لەگەڵ خۆی هێنایەوەو قوتابیەکانی ئەکامیای شانۆی لەبەغدا ڕاهێناو بەدیان قوتابی لەسەر ئەو ئەزموونە ڕاهاتن، بەهەمان شێوە دەبوا (دانا ڕەئووف) لە ڕووی پراکتیکیيەوە، وەك دەرهێنەرێکی ئەکادیمی بەلانی کەم خۆی بەهێزتر کردایە..
بەگشتی وەاشکاوی ئەوەی چاوەڕوانیمان دەکرد، لەئاست خەزگەکانی ئەمێ نەبوون وەك ئاواتمان بۆی دەخواست
ڕەنگە فاکتەری هەرە بنەڕەتی لەو چەند خاڵەدا گرد ببنەوە:
یەکەم : ئەوەندەی دانا سەرقاڵی نووسین و توێژینەوەی شانۆیی بووە، ئەوەندە کاتی بە هونەری دەرهێنان و نواندن و تەکنیك و ڕاهێنانی ئەکتەر لەووی فیزیك و جەستەو دەنگ وئیلقاو پەرفۆرمانسەوە تەرخان نەکردووە
دووەم:هەموو پیشەیەك لەوانەش شانۆ، بەمومارەسە بوونی بەردەوام و دوور لەداپچڕان پێشکەوتن بەخێیەوە دەبینیت، بەڵام من وا هەست دەکەم ئەومومارەسەیە لای (دانا ڕووف) کەمتر بووە لەوەی بە دەرهێنەرێك پێویستن و دەرفەتی کەمتری بە ڕەخساوە و سوودێکی ئەوتۆی لە ئەزموونەکانی ئەوروپا وەرنەگرتووە.
دانا لەهەندە بواردا باس لەوە دەکات کەلە سوید چالاکی هەبووە و لەشانۆی پاشایەتی کاری کردووە، بەڵام هیچ لەو چالاکییانە نەگەیشتنەتە کوردستان و نەبوونەتە بنەمایەك بۆ گەشەو سەقامگیر بوونی توانستەکانی لەبواری دەرهێناندا.

دەق

لەو بەرهەمەدا دەرهێنەر خۆی نووسەری دەقە، ویستیەتی فەلسەفەیەکی وجودی بە سەردەمێکی نامۆی مرۆڤایەتی داڕێژێ، کە تێیدا مرۆڤایەتی

بەرەو لێکترازان و دابڕان دەبات و خۆپارستێتی و نەرگزیەتی تێدا زاڵە.
سەردەمێك مرۆڤ تێیدا دەستەمۆی بە هودەیی و بێ ئومێدی دەکات، زەر جاران سەلوای مرۆڤ دەبێتە تەنیا بوکەڵەیەك کە جێی مرۆڤی بە بکاتەوە، بە حەسرەتی ئەوە دەبێت، کەسێك هەبێت گوێ ی لێ بگرێ و ئاویش ئازارە دەروونیەکانی بە هەڵەژێ.
دەقەکە زمانێکی سادەو تەماسیانەی هەیە و پشت بەدیالۆگ دەبەستێت، کەمتر پەنا بەرەداو دەبات، بەڵام کەمێك درێژە دادەی تێدا کراوەو بە خوێندنەوە ئاسایی، بەڵام بە نمایشی شانۆیی، ناچاری ئەوەت دەکات ئامادەی بکەیتەوە و کورتی بکەیتەوە و هەندێ لەدیمەنەکانی هەڵگریت.
بۆیە هەستم دەکرد، بونیاتی درامی دیمەنەکان مکەم نین و پرسەی هەڵوەشانەوەو بونیات نانەوە لەدەقەکەدا هەیە.
پرسی کات دەرهێنەری ناچار کردووە بە چارەسەرکردنی کێشەی یەکسان بوونی دەق و کات.
چونکە زەر جاران کورتی و درێژی دەق بەپێی جوگرافیاو شارستانیەت و ئاستی هوشیاریی و کولتووری و کەمایەتیەوە دەگۆڕێت، بۆیە لەسەردەمی ئێستادا ئامادەکاری بە دەق دەکرێت.
زەر جاران هاوسەنگ نەبوونی کات و دەق دەبێتە هۆی شڵواندنی نمایش لەڕووی دەرکەوتن یا بزر بوونی کارەکتەرەکان، هەندێ جاریش ئامانج و فەلسفەی نمایش دەشێوێنێ.

وێنەی درامی:
بینەر لەنمایش دا هەمیشە چاوەڕێ ی وێنەی درامیە، لەو وێنانەی بونیاتی درامی گرێپێ دەدەن.
لە (لێکترازان)دا قەیرانێك لەوێنەی درامی هەیە، بەدەر لەچەند دیمەنێکی کورت، لەوانە سەمای کۆتایی (هلند ئیبراهیم) لەگەڵ بوکەڵەکەی وگەمەی بلقە ڕەنگاوڕەنگەکان و هەڵدانی کاغەزەکانی شاعیر.
دەکرا دەرهێنەر نمایشەکە تەرتەر بکات لەوێنەی درامی، بە بەرزکردنەوەی ریتمی نمایشەکەو رزگارکردنی لە سارد بوونەوە مەیین کە هەندە جار باڵی بەسەر هەڵەکەدا دەکێشا.

ئێکتەر
چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد ئەو کەمەڵە ئێکتەرە بە توانایە، کە پڕ لە ئەزموونی بەپێز و بەرهەمی دیارو بەرچاو، فاکتەرێکی یاریدەر بن بە سەرکەوتنی دەرهێنەر، بەڵام ئەو دەرفەتە وەك پێویست دەستەمۆ

نەکرا، بە ئاوەی هەزو توانستی هەموو ئەو ئەکتەرانە لەسەر ڕووپەی بەرهەمەکەدا ڕەنگ بداتەوە، یا ببنە دەمارێکی سەرەکی لە ئەکتیف بوونی دەستاتی دەرهێنەر.
پێم وایە دیسان هەر هەکاری تر هەبوون بە نادیاری ئەکتەر لەسەر پانتایی نمایشکەو کاریگەری لەسەر وروژاندنی بینەرو بەتەن کردنی ریتمی نمایشکە. لەوانە :
زۆری ژمارەی ئەکتەرەکان و کەمی دەرفەتی دەرکەوتن و نەناسانی هەلی پێویست بە نواندنی ئەکتەرەکان و دەرخستنی تواناکانیان.
ئەم بچووك کردنەوەی ئەکتەر، کەشێی بە دروست کردنی شوناسێك بە هەر یەك لە کاراکتەرەکان دروست کردبوو.
کەهەم بەبەش بکرێن لەدەرخستنی تواناو بەهرەیان، هەمیش بینەر بەبەش بێت لە ناسینی کاراکتەرەکان لە ڕەهەندە جیاجیاکانیاندا.
بینەری کورد لەپەراوێزی چەندین ئەزموونی جیا جیادا ئاشنا بەتوانست و دەستاتی زۆر لەو ئەکتەرانەیە، بۆیە کاتێ پەرفەرمانسی ئەو ئەکتەرانە لە ئاستێکی نزمتر لە خەیان دەبینێ، ناچارێ پرسیاری زۆری لادروست بێت و بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێت.
هەر بە نموونە شەمالی عەبدوڵا لە نمایشی (باوك) دا ڕۆڵێکی مەزوویی بینی وگەیشتە ئاستێك تا تەماشن مابێت ئەو دەرفەتی بە ناڕەخستەوە ببەتەوە ئەو باوکی جاران، بەڵام لەو نمایشەدا زۆر بچووك بەتەوەو زۆر لە بەها هونەرییەکانی لە دەست دەدات، کەتێیدا بینەر دووچاری نیگەرانی بکات
شیلان عەبدوڵا لەنمایشی (بەردی سەبوری) ئاسوارێکی بەجێ هەشت بای دە ساڵی بەدەنگی و بەزیندوو ڕاگرتنی بکات، کەچی لەو بەرهەمدا ئاسوارێکی لە زهنی بینەردا بەجێ نەهەشت.
ئەکتەرە بە تواناکانی تریش چەشنی گەران عەبدوڵا، محەمەد هوشیار، گەران نامیق ، دیاری عومەر، ڕەوەند ئەحمەد، هلند ئیبراهیم، لارۆ یاسین، توانایەکی زۆریان نیشاندا، بەلام شوینەواریکي دیاریان بەجێ نەهیشت.
زۆری ژمارەی ئەکتەرەکان و کەمی دەرفەتی دەرکەوتن و نەناسانی هەلی پێویست بە نواندنی ئەکتەرەکان و کرفت بوون بۆ دەرخستنی تواناکانیان.

سینۆگرافیا

ڕووی دووەمی بەشایەکان لە لێکترازاندا لایەنی ستاتیکای نمایشکە بوو، بەتایبەت لەڕووی سینۆگرافیاوە، چونکە زۆر جاران سینۆگرافیا دەبەتە ئەلتەرناتیف بە پێکردنەوەی زۆر لە بەشایەکانی شانۆ، بەڵام لەڕادا کەشکە لە خودی سینۆگرافیادا هەیە کە زۆر لە

توخمەکانی تۆ نەکراون.
سینەگرافیا لە شانۆدا هونەرێکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەنگە پیشەی دەرهێنەرێك نەبێت بە پێکردنەوەی بەشایی کاری سینەگرافیا بکات، چونکە سینەگرافیا لێکۆتەی ئاستوخۆی لەگەڵ بینەردا هەیە و زۆربەی سەرچاوەکانی سینەگرافیا کاریگەری خۆیان بەسەر چاوو ئیحساس و سایکۆلۆژیەتی بینەرەوە هەیە، کە تۆ سینەگرافیات لاواز بوو ، ئامرازێکت بۆ دەستەوە نامۆنە بۆوروژاندن، غەیرە زمان و دیالۆگی وشك نەبێت، من وەك بینەر هەموو پەنجەرەکانی ئیحساسم خستبووە سەر پشت، چی بکەم کە تەنیا شنەیەك لەو پەنجەرانە ئیحساسیان نەجولاندم.
بینەر کاتە دەکۆتە ژێر تەوژمی سینەگرافیا، خۆشی نازانێ چ کەرەموگناتیسکی جەستەیی و دەحی دەیهەژێنێ، بەڵام کە ئیحساسی مرد، خۆشی نازانێ لەکوێوە دەڕوخێ.
لە ئێستە دا بینەر نایەتە شانۆ بۆ ئەوەی گوێ ی لە وشەی بریقەدارو فەلسەفەی سواو بێت، بەڵکو بۆ ئەوەی دەتە شانۆ ڕەحی خۆی بشواتەوە و هەست بکات سەر لەنوێ لەدایك دەبێتەوە.

كل التفاعلات:
١١٢Didar Haider Nanakali، ومحسن حمد و١١٠ أشخاص آخرين

ریفراندەمی سەربەخۆیی کوردستان و بارودۆخی هەرێمی کوردستان.. جمال سلیمان

ریفراندەمی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥/٩/٢٠١٧ ڕووداوێکی مێژوویی مەزن و گرنگ بوو . لەو ریفراندەمە زیاتر لە ٧٣./. خەڵکی کوردستان بەشداری کرد ، لە ٩٤./. ی لە ژمارەی بەشداربووان دەنگیان بە سەر بڕیاری کوردستان دا .
لە ناو ئەواندا سەرکردایەتی و جەماوەری هەموو حزبەکانی کوردستان بە ئاراز و ویستی خۆیان دەنگیان بە سەربەخۆی کوردستان دا. جگە لە جولانەوەکی تازە نەبێت ، بەدەر لەو یەکریزیەی ئەوسای کوردستان بە پرسی سەربەخۆیی ، کە ئەوان بە نەخیر و بەشداریان لە ریفراندەم

نەکرد .
بە بۆنەی تێپەربوونی شەش ساڵ بەسەر ریفراندەم ، پەرلەمانی لە هەموو گەلی بەشداربووی کوردستان دەکەم.
دیارە لە سیستمی دیموکراسی تەواودا ، ریفراندوم مافێکی ئاسایی و مافی چارەی خۆنەسین لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە مافێکی ڕەوای دەزانن بە هەموو گەلانی ستەمدیدە وەک لە {میثاقی} ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە .
دیارە هەموومان دەزانین کە دەستوری عیراقی نوێی ساڵی ٢٠٠٥ ی ، دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا ، سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە دیباجەی دانانی دەستور و دامەزراندنی دەوڵەت و حکومەتی عیراق و زەربەی کورد و کوردستانیان و هاووڵاتیانی عیراق بە گشتی دەنگیان بۆ دەستورەدا.
بەڵام بە داخەوە بوونی تێگەیشتنی جیاواز لەو دەستورە ، تا ئێستا وەک خۆی جێبەجێ نەکراوە و چەندین جاریش پشێل کراوە ، لە لایەن حکومەتی بەغدا ، کە سەرۆک وەزیران و ئەندامەکانی پەرلەمانی عیراق ، لە حزبە سیاسیەکانی زۆرینەی مەزهەبی شیعەن . هەروەها هەرەمی کوردستانیش لە پشێلکردنی ئەو دەستوورە بەدەر نەبووە ، لە نەتیجەی کردارەکانی نا دەستوریانەی حکومەتی ناوەند لە بەغدا بەرامبەر هەرەم.
ڕەفراندەمی سەربەخۆیی کوردستان ، زادەی کاردانەوەی کورد بوو، لە پشێلکردن و جێبەجێ نەکردنی چەند برگەیەکی گرنگ لە دەستور لە لایەن حکومەتی عیراقەوە ، بە نمونە { مادەی ١٤٠ جێ ناکۆک لەسەرکان} و {مادەی ٩ یەکەم ، برگە جێبەجێ کردنی توازنی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بەشداریکردن لە نەو هێزە ئەمنیەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەتی عیراق.} . دەقی عەرەبیەکەی {المادة ٩ اولا : تتكون القوات المسلحة العراقية والاجهزة الامنية من مكونات الشعب العراقي، بما يراعي توازنها وتماثلها دون تمييز أو اقصاء وتخضع لقيادة السلطة المدنية وتدافع عن العراق ولاتكون اداة لقمع الشعب العراقي ولاتتدخل في الشؤون السياسية ولا دور لها في تداول السلطة .
يحظر تكوين ميليشيات عسكرية خارج اطار القوات المسلحة. } .
لە ٢٠١٤، پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرەمی کوردستان لەگەڵ بەغدا ، چەندین کێشەی دەستوری تێکەوت لەسەر ناکۆکی مەڵەفی نەوت و گازی هەرەم . کە بووە هۆی بڕینی بڕە و شایستە دارایەکانی هەرەمی کوردستان.
دوای هاتنی داعشیش کێشەکان قووڵتر بوون ، دوای شکست و پاشکشەی سوپای عیراقی لە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک . بۆیە هێزەکانی هەرەم بەشایی ناوچەکەیان پڕ کردەوە . بە بوونی ئەکەوتنی پێویست لە

بەینی هێزە کوردیەکان لە لایەک و لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە لایەکی ترەوە . لە کەرکوک هێزە کوردستانیەکان ، بە بە بوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی حکیمانە و رێکوتنێک لە ئیدارەدانی کەرکوک ، بە ململانێکی زۆقی حزبی لە بەینی حزبەکانی کورد پەرتوازەیی ، کە بووە هۆی رووداتی ، چەندین هەنگاوی سیاسی ئەمنی لە مامەڵە کردن بەرامبەر پێکهاتەکانی تری کەرکوک لە عەرەب و تورکمان.
هۆزموون و دەستوەردانی هێزەکانی دەرەکی لە عیراق بە گشتی لە هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی ، بەردەوام و لە زیاد بوون دابوو ، ئەوەش بە بیانووی جوراو و جۆر و بە بەدواداچوون و لەدانی گروپە چەکدارەکانی ئەپۆزسیۆنی کوردی ووڵاتانی تورکیا و ئێران ، کە لە نەو خاکی هەرێمی کوردستان . کە ئەوە بە پێ دەستوری عیراق پێشێل کردنی سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و سیادەی دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ و بە پێچەوانی یاساکانی پارستنی سیادەی نێودەوڵەتیە .
هەمووان ئەوە دەزانین ، کە مافی چارەی خۆنوسین {حق تقریر المصیر} بە پێ یاسای نێتەوەیەکگرتووەکان مافێکی رەوای میللەتانە. بەڵام ئەو مافە هەمیشە خۆن و ئاواتی لە میژینەی کورد بووە و لە پێناویدا خەباتی کردووە و قوربانی زۆریشی داوە ، هەربۆیەش زۆرینەی کورد لە ریفراندوم دەنگی بە سەربەخۆیی دا.
سەبارەت بە مافی سەربەخۆیی کوردستان ، راستێکی مێژوویی هەیە ، کە دوای ئەنجامدانی ریفراندەم بەمان دەرکەوتوە ، کە لە بەرژەوەندی هیچ دەوڵەتێک نەبووە و نیە کە بە فیعلی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات . هەر بۆیە زلهێزەکاندا لە ناوچەکەدا بەردەوام کوردیان بەکار هێناوە بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان . تازەترین نمونەش کە ئەو راستیە دەسەلمێنێ بە دیدی دەوڵەتان بەرامبەر کێیسی کورد ، لەدوانێکی سەرەکی پێشووی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا {ترامپ} ، کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکایەتی ئامریکا لە ساڵی ٢٠١٦ ، کاتێک پسیاریان لە کرد ، کە رای چیە سەبارەت بە کورد ؟ ، { لە وەڵامدا ووتی کورد شەرکەری باشن دەتوانین بە کاریان بهێنین} .
ئەستاش هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لە هەرێمی کوردستان ، کونسولخانەیان هەیە لە هەرێم ، پەیوەندیان لەگەڵ کورد لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیەکانی سیاسی و ئابوری خۆیان و پشتگیری مرویی و رەوشەنبیری فەرهەنگیە بە کورد ، لە چوارچیوەی هاوپەیمانی دەولیە دژی ئیرهاب لە ناوچەکەو جیهان ، بە هەکەوتن لەگەڵ حکومەتەکانی عیراقی فیدراڵ .
دەبینین لە یادی شەشەمین ساڵەژی ریفراندەمی سەربەخۆیی کوردستان ، زۆر لەو لایەنە کوردستانیانەی کە بەشداریان کرد بوو و دەنگیان

بە بڕی دابوو بە سەربڕخی ، ڕەخنەی زۆریان هەیە لە ریفراندەم . ڕەخنەکانیان زیاتر سەبارەت بەوەی کە ریفراندەم ، بوونە هەی لە دەستدانی نیوەی خاکی کوردستان ، مەبەستیشیان لە پارێزگای کەرکوک و ناوچەکانیەتی ، کە بە ماوەیەک لە ژێر دەستەڵاتی هێزەکانی هەرێمی کوردستان دابوو لە دوای هاتنی داعش .
دیارە بە پێ دەستوری عیراق کە کورد واژۆی لەسەر کرد بوو لەساڵی ٢٠٠٥ ، کەرکەک وەک پارێزگایەک سەر بە حکومەتی ناوەندە ، هەرچەندە زۆرینەی کوردە بڕیام فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبیشی تیایە ، لە ڕووی ئیداریەوەش بە شێوەیەکی هاوبەش لە بەینی کورد و هەموو پێکهاتەکانی تری نەتەوەیی و بەو ناوچانەش کە مادەی ١٤٠ ی دەستوور دیانگرێتەوە .
دوای دامەزراندنی حکومەتی فیدراڵ عیراق ، لە کەرکوک و دیالی و شوێنەکانی تر ، لە بەینی هێزەکانی پێشمەرگەی هەڵمی کوردستان و سوپای حکومەتی مەرکەزیدا، {مەراکزی عملیاتی مشترک} هەبو دژی باندەکانی چەکداری ڕەخراوی تیرۆریستی {القاعده} ، کە ئێوسا لە زێر ناوچەکانی عیراقدا بە بەغدای پایتەختەوەش هەبوون .
لە ساڵی ٢٠١٤دوای پێدا بوونی ڕەکخراوی تیروریستی داعش ، کە لە موسڵەوە دەستیان پێکرد و لە ماوەیەکی کورت ، یەک لەسەر سێ ١/٣ خاکی عیراقیان کۆنترۆڵ کرد ، تا گەیشتنە دەروازەی شاری بەغدا لە ابو غریب ، کە لێوە هێرشەکەیان شکەستی هێنا لە لایەن هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئامریکا.
لە کاتی یەکەم هێرشی داعش لە موسل و هەڵاتنی سێ فرقەی جەیشی عیراقی ، دوای ئەوەی کە شاریان پێنەکرا داعش کۆنترۆڵی موسلی کرد . ئەو کات هێزەکانی هەرێم لە کەرکوک ، کە دەبوایە کورد بە پاراستنی ناوچەکە هەمئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی فیدراڵدا بکەن . بڕیام هێزەکانی کورد لە جیاتی هەمئاهەنگی ، دەستیان بەسەر کەرکوک و ناوچەکانی تر و بیرە نەوتیەکان داگرت و ئاڵای کوردستانیان لەسەر چیای حمرین چەقاند لە بەرچاوی هەموو جیهان و نەتەوە یەکگرتوەکان .
دیارە نەتەوەیەکگرتوەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمانیەتی دژی ئیرهاب کە حزوریان هەیە لە کوردستان و عیراق بە گشتی ، لە چواچیوەی ڕەکەوتن بووە لەگەڵ حکومەتی عیراق بە پێ دەستور .
دوای ئەوە لە گەرتنەوەی موسل لە شاری دژی داعش هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بە هەمئاهەنگی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان ، هاوکاری تەواوی هێزەکانی حکومەتی فیدراڵیان کرد ، کە چەندین شەهیدوو بریندار لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت .
دیارە لە کەرکوکیش لە شاری دژی داعش ، کورد زیاتر لە سێ هەزار

پێشمەرگەی شەهید و پێنج هەزار قوربانی دا.
دوای ئەوەی هێزەکانی حشد و سوپای عیراق ، لە شاری حەویجە کۆتاییان بە دەستڕاتی داعش هێنا . هەویاندا بە گەراندنەوە و ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخەکە بە پێش هاتنی داعش ، ئەو بار و دۆخەی کە کورد لە دانانی دەستور واژەی لەسەر کرد بوو سەبارەت بە کەرکوک .
پێش رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر ساڵی ٢٠١٧ ، بە گەراندنەوەی بارودۆخەکە لە کەرکوک بە دۆخی پێش هاتنی داعش ، سەرکردایەتی حزبەکانی هەرێم ، بە دەنگ داواکانی حکومەتی بەغدا و دەوڵەتانی تری ناوچەکە و جیهان نەهاتن . هەر بۆیە هێزەکانی حشد و سوپای عیراق هەرشیان کردە سەر شاری کەرکوک و ناوچەکانی و لە ماوەکی کورت دا دەستیان بەسەر داگرت . ئەوەش پێشێل کردنی دەستوری عیراق بوو ، برگەی ٩ ی دەستوری ، کە تیادا هاتووە ، نابێ بە هیچ جۆرێک هێزە چەکدارەکانی عیراق بکەونە کاری بەهێزەتی دژی هاوواڵاتیانێ عیراق بە کپ کردنی کۆشکانی ناوخۆیی ، ئەمەش دووبارە دۆقی ئەو بڕگەیە بە زمانی عەرەبی وەک لە دەستور عیراقدا هاتووە ، { المادة 9
أولاً: تتكون القوات المسلحة العراقية والاجهزة الامنية من مكونات الشعب العراقي، بما يراعي توازنها وتماثلها دون تمييز أو اقصاء وتخضع لقيادة السلطة المدنية وتدافع عن العراق ولاتكون اداة لقمع الشعب العراقي ولاتتدخل في الشؤون السياسية ولا دور لها في تداول السلطة .
يحظر تكوين ميليشيات عسكرية خارج اطار القوات المسلحة . } .
هەرشەکیان بەرەو هەولێر لە شاری شارەچکەی پردی وەستێنرا ، بە هۆی بەرگری هێزی پێشمەرگە و فشاری سیاسی . لەو هەرشانەی هێزەکانی عیراق بە پشتڵکردنی زۆری دەستور ، لەبەر چاوی ئامریکا و هاوپەیمانان ، زیاتر لە سەدان هاووڵاتی و پێشمەرگە شەهید بوون و مالی هاووڵاتیانی کوردی عیراقی لە شاری دوز و ناوچەکانی کەرکوک سوکایەتیان پێکرا ، تاوانێکی زۆر ئەنجامدرا لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و هەزاران هاووڵاتی کوردی بە دفاع لە ماڵ و مولکی خۆیان دەرکران .
دوای وەدەرنانی هێزەکانی هەرەمی کوردستان لە کەرکوک ، کە هۆی سەرکیەکەی ، ناتەبایی و ناکۆکی ململانێ حزبەکانی کوردستان بوو ، لە ناوخۆی هەرێم و لە کەرکوک و نەبوونی یەک بریار و یەک خیتابی سیاسی یەکگرتوو بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە بڕامبەر بەغدا سەبارەت بە کەرکوک.
لە عیراقی فیدراڵ کە زۆرینەی حزبە شیعەکان ئێستا حکومرانی عیراق دەکەن ، لە زەمانی رژێمی دکتاتۆری سەدام لە ژێر زەم زۆرداری ،

بە شێوەکی درندانە دووچاری کوشتن و ئیعدام و ئەشکەنجە دەبوون .
خوشک و برا شیعەکان ، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە حزبە سیاسیەکانی شیعە بوون ، لە پێش راپەرینی ساڵی ٩١ و دوای راپەرین لە لایەن شەرشی کورد و هێزەکانی لە دویدا لەلایەن حکومەت هەرێمی کوردستانەوە ، هاوکاری و یارمەتی و داعدە ئەدران لە کوردستان ، تا رژخانی رژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ . بەیە کورد و شیعە و زەرەک لە پێکهاتەکانی تری عیراق هەمیشە یەک هەلویست دژی زوڵم و زەرداری و دیکتاتەریەتی بەعسی سەدامی بە یەکەوە خەباتیان دەکرد .

بەیە هێزەستی مەرجەعیەتی شیعە لە { النجف الاشرف } ، بەردەوام پشتگیری مافەکانی کوردیان کردووە و دژی ستەمکاران.
بە نمونە لە ساڵی شەستەکانی سەدەی رابوردوو، لە کاتی شەرشی کوردستان ، کاتێک دەستەاتدارانی حکومەتی شۆڤێنی ئەوسای بەغدا ، داوایان لە مەرجەعی شیعەی ئەوسا، { اية الله العظمى السيد محسن الحكيم} کرد ، بە دەرکردنی فەتوای { تكفير } کردنی شەرشگیرانی کورد ، ئەوسا مەرجەعی شیعە دژی حکومەتی بەغدا وەستایەوە و پشگیری لە مافەکانی کورد کرد ، فەتوایاندا کە هەر لایەنێک تەکفیری موسەمانانی کورد بکات ئەوا خۆی کافر دەبێت.
بەیە ئەستاش دەبینین کە مەرجەعیەتی بەرزی شیعە هەمان هێزەستی هەیە بەرامبەر کورد .
بەتام بە داخەوە لە عیراقی نوێ ، لە ٢٠١٤ وە کەسانێک هەن کە ژمارەیان زەرە ، لە نێو هەندێک لە حزبە سیاسیەکانی شیعە ، ئاراستەکی دژ بە کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکەن .
بە نەفەسێکی هەمان سەقافەتی دوژمنکارانەی بەعسی ئەنفالچی ، هێزیستی خراپ بەرامبەر بە مافەکانی کورد و هەرێمی کوردستان دەنوێنن . ئەوانە لە ژێر پەردەی ئینتمای مەزهەبیان ، لە نێو دامودازگاکان و هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی فیدرالی عیراق کار بەدەستی گەورە و موتەنفیزن ، بە جۆرێک رۆژی کاریگەریان هەیە لەسەر بریارەکان و هێزەستی ئەو حزبانە ، بە چاوەسەری کەشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا . بەردەوام کەشە دروست دەکەن لە بەردەم ئەو رێکەوتنانەی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوەسەری کەشەکان. بەیە باشترە کە ئەو حزبە تەکەشرانەی شیعە ، هێزەستە بکەن هێشیار بن و بەدواداچونی جدی بکەن لەو جۆرە ئاراستەیەی کە زەرەر بە بەرژەوەندیەکانی یەکپارچەیی خاک و ئاسایشی نیشتمانی عیراق دەگەێنن. دیارە بە درۆزایی مژوو لە مزلومیەتی شیعە ، بە یەکەم جار دەرفەتی حوکمرانی دەوڵەتی عیراق یان بە رەخساوە ، کە دەبە بە شێوەکی دادپەروەرانە حوکم بکەن و

دژی ستەم و زۆرداری وەک پێرەوانی رێبازی سید الشهداء { امام الحسین علیه السلام} کە هەتا دونیا ماوە سومبلی شۆرشی مەزڵومانن دژی زاڵمان و زۆرداران لە جیهان .
بۆیە کورد ، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوبارودۆخەی ئێستا ، دەبێ بە سیاسەتێکی حەکیمانە یەکگرتوو بە خیتابی یەکریزی ، بە سوود وەرگرتن لەم دەرفەتانەی کە هاتونەتە پێش ، هەوڵی جیدی بدرێت بە باشترکردنی پەیوەندیەکان و لەک تێگەیشتن لە گەڵ حکومەتی فیدراڵ بە چارەسەری هەموو کێشەکان بە پێ دەستور.
لە دوای ئەم هەموو شکستەوانەی سەروەت ، بە زانیاری ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕەخنەیان بە شێوەکی نەرینی هەیە دەربارەی ریفراندەم . ئێگەر ریفراندەمیش نەکرابوایە ، بەرژەوەندیەکانی سیاسەتی دەولی لە هەریمی کوردستان هەر وەک ئێستا دەبوو سەبارەت بە مافەکانی کورد. هەرەها سەبارەت بە دەخی کەرکوکیش دەبوایە بە پێ دەستور هەر بگەڕێتەوە ژێر ئیدارەی دەستەڵاتی حکومەتی مەرکەزی ، حکومەتی عیراقیش هەر ئەو سیاسەتەی ئێستای پێرەو دەکرد بەرامبەر بە کورد..
ئێستا بارودۆخی هەرێم ، لە ژێر کەمەڵک کێشە و هەڕەشە و فشاری ناوخۆیی و دەرەکی دایە ، کە ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر حکومەت و خەڵک و قەوارەی هەرێمی کوردستان ، کە ئەمانەن :

- یەکەم مەترسی هەژموونی و فشاری دەستەوەردانی دەرەکی ، لەسەر ناوخۆی کوردستان لە ڕووی ئەمنی و سیاسی و ئابووری لەلایەن دەوڵەتەکانی دەوروبەر و هەرشەکانی درێنی و بالیستی لەسەر ناوچەکانی هەرێم ، هەمووی مەترسی جدین لەسەر چارەنوسی هەرێم و گەلی کوردستان .
- کێشەکانی کەمکەک بووی وئابووری و دارایی لە مەژووی حوکومرانی هەرێم بە قەرزکانەوەش.
- فشارە ناوخۆیەکان لەسەروی هەموانەوە ، کێشەی دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و خراپی بژێوی خەڵک و بازار .
- فشارەکانی حکومەتی مەرکەزی ، سەرەڕای ڕادەستکردنی مەڵەفەکانی نەوت و غازی هەرێم ، لایەنێکی ئارەستەکراو لە نەو دەستەڵات لە حکومەتی ناوەند ، بەردەوامن لەسەر سیاسەتی فشاری ئابلوقەدان ..

بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر ، باشترە ، کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە تایبەتی هەردوو حزبی دەستەڵاتداری هەرێم بە هاوکاری هەموو حزبەکانی تری

کوردستان ، هەنگاوی سیاسی فیعلی بنێن بۆ کۆتایی هێنان بە پەرتەوازیی ، بەیاری یەکلاکەرەوە بدێن بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێکانی کێن و تەقلیدیەکان :

- یەکەم راگرتنی هەرشە مەدیایەکان بەسەر یەکتری و کۆتایی هێنان بە تەخوێنی کردنی یەکتری ، چونکە هەموو لایەک بەرپسیارن لە خراپی دۆخی هەرێم ، دەستبەردار بوون لە سیاسەتی بەکار هێنانی خراپی دۆخەکە بۆ ململانێی دیعایەی هەڵبژاردن و شکانی یەکتری. پێویستە ململانێکانی سیاسی بۆ هەڵبژاردن لەسەر بنەماکانی دیموکراسی بێت ، بە پێشبرکی لەسەر پێشکەش کردنی باشترین بەرنامەی سیاسی و بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان ، بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ باشترکردنی بژێوی بۆ خەڵک بە گشتی و بە پاراستنی یەکریزی هەرێم و هێنانەدی دادپەروەری نیشتمانی و کۆمەڵایەتی وە بە چارەسەری کێشەکان بێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی.
- دووەم ، زەمینەسازی بۆ سازدانی کۆبونەوەکی فراوان لە لایەن سەرکی حیزبەکانی کوردستان بۆ یەکەوە ، ئاشتەوایی و رێکەوتن لەسەر دانانی سیاسەتێکی هاوبەشی یەکگرتو بۆ پرسە چارەنوسازەکان و کێشەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی .
- پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵا لە هەموو پارتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دانانی نەخشە رێگایک ، بۆ چێنیەتی پاراستنی قەوارەی هەرێم و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک بێ بێشداری کردن لە حکومەتێکی نیشتمانی فراوان ، کە خزمەت بۆ خەڵکی کردستان بکات .
- بریاردان لەسەر دانانی دەستەر بۆ هەرێمی کوردستان . چونکە دەستور فاکتەری بنچینەییە بۆ رێکخستن و بۆ دامەزراوەکردن و بۆ یاسا کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان .
- سوود وەرگرتن لەو هەل و دەرفەتانەی کە لە نەتیجەی رووداتی ئەو گەرانکاریانەی کە لە سیاسەتی ململانی دەولی لە عیراق و ناوچەکە و جیهان بە گشتی . گەراندنەوەی موتمانە لە بەینی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ .
- سیاسەتی حکیمانەی هەرێمی کوردستان ، بە هەمئاهەنگی لەگەڵ ناوەند لە چوارچیوەی سیاسەتێکی یەکگرتوو، کە ئویش خۆی دەنوێنێ لە { بە هەزبوونی سیادەی عیراقی فیدراڵ ، تەنیا لە رێگای بەهێز کردنی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەروەری خاکی هەرێمی کوردستاندایە ، کە دەبێتە هۆی پاراستن بەهێز بوونی سەروەری خاکی عیراقی فیدراڵ ، پێچوانەکەشی راستە بە

هەمان شێوە .
باشترە بە حزبە سیسیەکانی کوردستان وە حکومەتی ئایندەی هەرێم ، ئەو راستیە لەبەر چاو بگرن لە دانانی بەرنامەکانی سیاسیاندا بۆ حوکمرانی ، کە تاکی هاووڵاتی کورد ، پێویستی بە دوو شتی بنچینەیی هەیە بە بەردەوام بوون لە ژیانێکی ئارام و ئاسوودە ، ئەوەش { نان و ئازادی } یە ، ئەو دوو فاکتەرە هەمیشە هەی گورانکاریەکان بوون ، لە جوڵەی مێژووی سیاسەت و حوکمرانی و دەستکەوتات و پشکەوتنی کۆمەڵگاکی یەکگتووی وابستە بە نیشتمان . راگرتنی هاوکێشەی ئەو دوو پێویستیە سەرکیانە ، دەبێتە مایەی دادپەروەری نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و سەقامگیری خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی ووڵات مسۆگەر دەکات لە حکومرانێکی سەرکەوتو .
بە پێچەوانەوە ، لە نەبوونی ئەو هاوکێشەیە ، دەبێتە هەی بەرپا بوونی بشێوی وئاشووب و لە دەستدانی کنترڕ بە چاوسەری کشکان. ئەوەش لە ئەنجامدا دەبێتە هەی شکستهێنانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بە خەباتی خوێناوی گەلی کورد و کوردستان ، کە بە درێژایی زیاتر لە سەدەک بەدەست هێناوە .
بەیە باشترە کە سەرکردایەتی کورد و هەروەها تاکی کورد ، بە هوشیاری رووبەروی ئەو هەوڵ و پلانە سیاسی و ئەمنیانەی ناوخۆیی و دەرەکی ، کە لەمیدیاکانی سەبەر و تابووری پێنجەم بەاو دەکرێنەوە ، بە سوود وەرگرتن لە هێز سیاسیەکان و نەبوونی یەکریزی لە بەینی هێزە کوردستانیەکان لە هەرێم لە مەلەفە جیاوازەکان حزبەکانی دەستکات ، بە مەبەستی فەرماتکردنی مشکی تاکی کورد بە سرینەوەی ئینتیمای بە گەل وخاک و نیشتمانی کوردستان .
ئەو هەموو هەوڵانەی دژ بە هەرێم دەکرێت ، هەموو ئەو هەوڵانەیە ، کە لە چوارچیوەی { کلمة حق یراد بها باطل}، کە مەبەستیان بە لەبار بردنی هەرەمی کوردستانە .
میدیای چەواشەکاری تابوری پێنجەم ، کە زانیاری نادروست لەسەر رەخانی هەرێم بەاو دەکەنەوە ، بە ئاماژە لەسەر لەدوانەکانی هەندی گەڤار و کەسانی میدیکاری ئەمرکی دژ بە هەرەمی کوردستان ، ئەو کەس و لایەنانەی کە لە ناوخۆی کوردستان ئەم جۆرە پڕپاگەندانە بەاو دەکەنەوە نشارزان لە چەنیەتی کار و میکانزمی میدیای ئازاد لە ئامریکا . لە مێژوی ململانێ سیاسیەکان لە بەینی هەردوو حزبە دەستەاتداری ئامریکا دژ بە یەکتری بە پێ یاسای ئازادی میدیایی ، بەردەوە

دەچێت بە جۆرێک کە کاریگەری هەیە لەسەر گەلانکاری دەستکەوتەکان ، بە بەکار هێنانی جۆرەها زانیاری دژی یەکتری و دژی سیاست و سیستمی حوکمرانیو کیانی ئامریکا . بە دەستاو دەستکردنی دەستکەوتەکان لە بەینی هەردوو حزب ، بەو پێوەنگە دەبوایە دەمێک بوو ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بروخێت .
بەیە تاکی گەلی کوردستانی دەبە هۆشیار تر بێت لە پلانی دوژمنان . پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە ، چونکە بە خەباتی خوێناوی میللەتێک بە دی هاتووە .
بە بیزاریش لە ئیدای حکومەت وکەم و کورتی و هەڵەکانی حکومرانی و ململانێ حزبەکان و خراپی بژێوی خەڵک ، ئەوا هەڵبژاردن سەنگی مەحەکە بە هاوڵاتی ، کە بە دەنگی خۆی ئازادە موتمانە بە هەر حزبێک و کەسێک بدات ، کە بەرنامەی سیاسی باشتر پێشکەش بکات.
ئەو ووڵاتە دیموکراسیە پێشکەوتوانەی کە لە رۆژ ئاوا و شوێنی تر کە بە سیستمی دیموکراسی دەوڵەتی پێشکەوتویان دامەزراندووە . دەوڵەتی وا هەیە دوای ٣ سەد ساڵ لە دامەزراندن ئێنجا گەیشتوونەتە ئەم پێشکەوتنە لە شارستانیەت . دیارە ئەوەش دوای تێپەربونی گەل ووڵاتکەیان بە بارودۆخی دژوار، لە شەر وبرسیەتی.
بەیە ئومید هەیە کە هەرێم و خەڵکی کوردستان ، لەریگای یەکریزی دەرباز بن لەو ناخۆشی ئەو کێشانەی کە تەنگیان بە بژێوی خەڵک هەڵچنیوە .
سەرەرای ئەوە دەبە بزانین کە کورد پێشتر ئەزمونی حوکمرانی نەبووە ، لە هەمان کاتدا دوژمنی بەهێزی دەرەکی زۆرە ، کە بەردەوام کار بە ئەوە دەکەن ، کە کورد نابە قەوارەی سیاسی خۆی هەبێت . بە گەتەی سەرەکی یەکێک لە دەوڵەتانی هاوسێکانمان چەند ساڵێک لەمەوبەر ، ووتی ئەگەر قەوارەکی سیاسی کوردی لە قارەی ئافریقاش هەبێت زۆر بە جدیانە هەوڵە تێکدانی ئەدەین .
بەیە پێویستە لە سەر سەرکردایەتی کورد لە حیزبەکان ، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەل وهەرێمی کوردستان بە گشتی . هەوڵی جیدی بدەن بە یەکریزی و کۆتایی هێنان بە نەخۆشی پەرتەوازەیی .
باشترین سیاست بە کورد لە ئێستادا ، بە یەکریزی دانوسانەدن و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتی بەغدا بکەن بە بە دەستهێنانی شایستە داریەکان خەڵکی کوردستان ، کە دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی بەختەوەری خەڵک و پاراستنی پێگەی هەرێمی

کوردستان .
لۆگۆ رۆژما.

جمال سلیمان
٢٨/٩/٢٠٢٣

سەبارەت بە شێوەی تراژیدیا ئامۆژگاریەکانی ناوەڕاست.. حەمید تەقوایی

بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لۆگۆ کەناڵی ئاسمانی کەناڵ جەدید ئامادەکراوە

حەسەن ساڵحی: حیزب لە بەیاننامەکانیداسەبارەت بە شێوەی نەوان هەڵە ئیسلامییەکان و ئیسرائیل،ئەو شێوەی بە شێوەکی کۆنەپەرستانە لە دژی خێڵکی لە هەردوولا زانی. گومانی تێدا نییە کە حەماس هێزکی کۆنەپەرستە، بەڵام ئایا ئازارەکانی خێڵکی فەلەستین لەم کارەدا جێگای نییە؟ لە لێکدانەوەی کەتاییدا ئایا ئەم شێوە بەهەی ئاوارەبوونی دەیان ساڵەی فەلەستینییەکان و تاوانی حکومەتەکانی ئیسرائیلەوە نییە لە دژی ئەوان ؟

حەمید تەقوایی: لە ئاستێکی بنەڕەتیدا بە دڵنیاییەوە هەر بوونیە. ڕیشەی ئەم کێشەیە ئازار و مەینەتی خێڵکی فەلەستینە، کە لە خاک و ماڵ و گوندی خۆیان ئاوارە بوون و هەموو ڕۆژێک ئەم کێشەیە ڕەهەندی کارەساتبارتری وەرگرتووە. مافە سەرەتاییەکانی خێڵک پێشێل کراوە و بەشێکی زۆری خێڵکی فەلەستین تا ئێستاش لە وڵاتانی جیاجیادا ئاوارەن و تەنانەت لەو شوێنانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون، لە کەرتی غەززە و لە کەرتی ڕۆژئاوا، نێک هەر بەبێشن لە سەرەتاییترین بارودۆخی ژیان، بەڵام سەبارەی ڕێژی حکومەتی ئیسرائیل بەردەوام بەسەر سەریانەوەیە. ئەمە کارەساتە و هەوونە کە لە هەوانگەی سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە ڕۆگی کێشکە لەردایە.

لە لایەکی ترەوە هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە ئەمە شێوەکی کۆنەپەرستانەیە. هەردوولا لە هەرشە کانیاندا خەریکیان کردووە تەئامانج و نە تەوە یە کگرتووە کان بە فەرمی رایگە یاند کە هەردوولا لە چەند جارێ جابردووداتاوانی جەنگیان ئەنجام داوە . ئەم لایەنانە هەمووی راستن، بەڵام کاتێک کە لێکووڵینەوە دۆگمینەوە سەر ێشەی کێشە ، تاوانێکی دیکە ووێداوە، کە بەتەواوی یەکلایەنەیە. کارساتێکە بە ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس لە خاک و ماڵ و حاڵی خۆیان دەست پەدەکات و زیاتر لە ٧٠ ساڵ ئەم بابەتە بەردەوامە. تا چارەسەری کۆتایی ئەم پرسە نەکرێت، ئەمە ناوەناوە شاهیدی شەڕی خوێناوی لەو شوێنە دەبین. ئەمە مەبرینێکی قوورە لە سەر جەستەی خێزانێکی فەلەستینداو و ێگا چارەی کۆتایهێنان بە و شە ڕانە چارە سەکی ئینسانیە بە ئەم کێشە یە . تراژیدیاکە ئەوەیە کە لەم شەڕدا کە ەیداوە خێزانی فەلەستین نوێنەرایەتی ناکرێت.

کێشەی فەلەستین بووتە هۆی ئەوەی لە چەند دەیەی ڕابردوودا هێزی جەراوجەر بێنە مەیدان و شێوە لێگێ داگیرکەرانی ئیسرائیل بکەن. هێزێکانی وەک ێکخراوی ئیسلامیەکان جێگەیەکی چەپەکان تەیدا چالاک بوون، بەڵام هێزە ئیسلامیەکان جێگەیەکی ئەوتەیان نەبوو. دوای ئەوەی ستراتیژی گشتی ئەمریکا بە دروستکردنی پشتێنەی سەوز لەدژی یەکێتی سۆڤیەت پێشنیار کرا – کە تێندازیاری دامەزراندنی موجاهیدینی ئەفغانستان و بەرزکردنەوەی خومەینی لەخێگرتبوو – حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ێژئاوایەکانی بەیاریاندا پشتیوانی هێزەکانی دژەاتی فەلەستین بکەن لە پرسی فەلەستینیشدا مەیدانێک بدە بە هێزە ئیسلامیەکان و حەماسیش لەرەوە دەست پێدەکات. سیناریۆیەکی هاوشێوەیبردنەپێشەوەی داعش. بەم شێوەیە پرسی خێزانی فەلەستینیان ڤاند و کردیان بە ململانێی نێوان ئایینەجیاوازەکان. تا ئەو کاتە ململانێی نێوان هەردوولا لەسەر هێزاواردنی نەتەوەیی و پرسی دەوڵەتی فەلەستین و مافی چارەی خێنووسینی خێزانی فەلەستین و هتد بوو. بەڵام بە ئەنقەست و بە ئاگاداریەوە خستیانە چوارچێوەی ململانێی نێوان ئیسلام و جولەکە. لە حکوومەتی ئیسرائیلدا کوتلە توندڕەوە ئایینیەکانی وەک حکومەتی ئێستای نەتانیاهۆ دەستی باڵایان هەیە، کە هەموو شەرعیەت و هەکارەکانی بوونی وەاتەکەی لە تەورات و بڵێنی خاکی بەڵێندراوەوە وەردەگرێت.

ئەم چوارچێوە ئایینییە بە تەواوی لە بەرژەوەندی ئیسرائیل

کاردەکات، چونکە بنەمای کێشەکە کە ئاوارەبوونی خەڵکی فەڵەستینە، وەک ململانێ و شەڕی مەزهەبی ئایینیەکان بەڵامدا دەبات ودەشوێنێت. بەڵگەگەلێک هەن کە بە ڕوونی نیشانی دەدەن کە ناتانیاهۆ بە ئەنقەست سیاسەتی بەهێزکردنی حەماسی پێیەو کردووە بۆ ئامانجی دووبەرەکی نانەوە لە ڕێزی فەڵەستینییەکاندا (لە نێوان فەتح و حەماس) و بە کردەوە پلانی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستینی تەکردووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە هێزگەلێکی وەک حیزبوڵڵا، حەماس و کەماری ئیسلامی هەن کە ئامانجی ڕەشی جیهادی ئیسلامییان لە دژی زایۆنیستەکان هەیکەردووە. لەهەردوولاوە مەسەلەکە بووەتە ململانێ و شەڕێکی مەزهەبی، لەکاتێکدا بنەمای مەسەلەکە بەهیچ شێوەیەک ئایینی نییە و هیچ پەیوەندییەکی بە جیاوازی ئایینیەوە نییە. مەسەلەکە تایبەتە بە ئاوارەکردنی خەڵکی ناوچەیەک لە ماڵ و حاڵی خۆیان و ئێمەش پرسەکە کە دەبێت چارەسەر بکرێت.

وەک ئاماژەم پێدا، هێزە ئیسلامییەکان و حکومەتی ئیسرائیل لە چوارچێوەیەکی ئایینیدا هەردوو کیان پرسەکەیان بردووەتەوە و هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەمە شاهیدی ئەو کارەساتانە دەبین کە ئێستا باستان کرد. لە مێژوودا دەندانەترین تاوان لە شەڕی ئایینییەکاندا ڕوویانداوە و نموونەیەک ئەم شەڕەی ئێستایە.

حەسەن ساڵحی: هەرشەکی وەها بەرفراوانی هێزە ئیسلامیەکان بە سەر ئیسرائیل بە وەنەیە. بەشەک لە چاودێران پێیان وایە کە هەندەکانی ئەم شەڕە بە هەی پشتیوانی سیاسی و سەربازی کەماری ئیسلامیی حەماس و حیزبوڵڵایە. بەچوونی ئەوە لەم بارەیەوە چیە؟

حەمید تەقوایی: گومانی تێدا نییە کە کەماری ئیسلامی یەکێکە لە هێزە سەرکییەکانی پشتیوانی نەک هەر حیزبوڵڵا و حەماس بەڵکوو لە بزووتنەوەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە و لە جیهاندا. زۆر ڕوونە کە کەماری ئیسلامی هەمیشە لە ڕووی دارایی و سەربازی و سیاسییەوە پشتیوانی ئەو هێزانە بووە. بە کەماری ئیسلامی، بەتایبەتی پرسی فەلەستین ئامانجێکە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی و پاساودانی سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی لە ناوچەکە و تەنانەت لە دژی خەڵکی ئێرانیش.

هەر بۆیە ئەم شەڕە بەناچاری پێی کەماری ئیسلامیشی تێدەکەوێت. بەگومانم خامنەیی بە ئەوەی نەکەوێتە ژێر فشاری ڕاستەو،

ڕایدەگەیەنێت کە ئەمە ڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا بە شداریمان نەکردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕایدەگەیەنێت کە ئەمە پشتیوانی حەماس دەکەین، ئەمانە گەنجی ئازای فەلەستینین و پاڵەوانن و هتد. بە واتایەکی تر، کوشتنی منداڵان و ئەو کارەساتانەی کە حەماس بەسەر خەڵکی ئیسرائیلدا هێناوە، لە ڕوانگەی کەماری ئیسلامییەوە هەنگاوێکی جێی ستایش و ئازایانە و قارەمانانەیە. هەموو جیهان ئەمەی بینیوە و هەمووان دەزانن کە کەماری ئیسلامی سەر بەم بڵاکە سەروو کۆنەپەرستانەیە لە ناوچەکەدا.

بەدیاریکراوی کەماری ئیسلامی لە بواری سیاسەتی ناوخۆ و ناوچەییدا دیاردەیەت ئەم شەڕە بە بەهێزکردنی خۆی و بارودۆخی قەیراناوی خۆی بەکاربهێنێت، لە دژی شەڕش لە ناو ئێران و لە ناوچەکەدا بە ئاوەژوی ڕێگری لە نزیکبوونەوەی سعودیە و ئیمارات لە ئیسرائیل و پەیمانی ئیبراهیم و هتد بکات. هەر لەبەر ئەم هەکارانە کەماری ئیسلامی پەویستی بەم شەڕە هەیە و دیاردەیەت کەڵک لەم شەڕە وەربگرێت. بەڵام ئاوەندەی پەیوەندی بە کەمەڵگای ئێرانەوە هەیە، ئەم جارە هەوڵانەی ڕژێم سەرکەوتوو نابێت. بەپێچەوانەوە ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەم شەڕە دژگەڵەت بە گەرپانەیەکی دیکە لە خەبات و ناڕەزایەتیی خەڵکدا. ئەمە حکومەتێکە کە ڕووبەڕووی شەشەکی مەزن بووەتەوە و بە لەگەڵ هەر هەنگاو و هەوڵێکیدا زیاتر بەرەو لەواری لەناوچوون دەچێت. دەنیام ئەم شەڕە بە زیانی کەماری ئیسلامی کۆتایی دێت.

حەسەن ساڵحی: دوای کوشتنی جەرگبڕو نامرۆڤانەی بەشداربووانی فێستیڤاڵێکی میوزیک لە باشووری ئیسرائیل و موشەکبارانی چەند شارێکی ئەم وڵاتە و کەمەکوژی دانیشتوانی گوندە سنووریەکان لەلایەن حەماسەوە، حکومەتی ئیسرائیل لەگەڵ بەردەوامی غەززە، دەستپێکردووە بەهەرشەکی تەسەنای بەرفراوان، ئایگیاندووە کە ئەمە تەنها سەرەتایەکە. ئایا ئامانجی نەتانیاهۆ ئەوەیە کە حەماس بتەوێتی تێکبشکێنێ و دوبارەی کەرتی غەززە بلکانێتەوە بە ئیسرائیلەوە؟

حەمید تەقوایی: باس لەوە دەکرێت کە ئەم هەرشە ئاسمانییە بەردەوام و بەردەومان و مووشەک باران و هتد، لە ڕۆژانی داهاتوودا هەرشەکی زەمینیشی لەگەڵدابێت. ئیسرائیل زیاتر لە ٣٠٠ هەزار سەربازی لە سنووری غەززە کۆکردەتەوە بۆ مەبەستی دەستپێکردنی لەشکرکێشی زەمینی. ئەوان خۆیان ڕایانگەیاند کە ئەمە کۆتایی کارەکانی حەماس، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە ئایا کۆتایی هاتنی کارەکانی حەماس بە مانای کۆتایی هاتنی ئەو ئەردوگایە لە کەرتی غەززە کە

لەبەردەستی فەلەستینییەکان بۆجێیان هێشتووە یان نا. پەیوەستە ئەمە ببینرێت، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بەیارە غەززە بە تەواوی لەناوببرێن. جەنەڕاڵەکی ئیسرائیلی ڕایگەیاند کە کەرتی غەززە دەگەنینەوە بە سەردەمی بەردین. واتە بەرد لە سەر بەرد دانانێین. ئەوان پلانێکی وایان هەیە و بە بیانووی ئەوەی کە دەیانەوێت حەماس لەناوببەن، تەواوی کەرتی غەززە لەناو دەبەن، ئەمەش لە ڕاستیدا کەمەکوژییەکی بە وێنەی لەدەکەوێتەوە. یەکێک لە تاکتیکەکانی هێزەکانی حەماس پەنابردنە بە ناو خەڵک. بنکەکانیان لە ژێر زەوی و ژێر نەخۆشخانە و قوتابخانە و...هتد و مرۆڤ وەک قەڵغانی مرۆڤ بەکاردەهێنن. هەر جارە هەرشێک بە سەریان دەبڕێتە هەی لەناوچوونی هەموو نیشانەکانی ژیان لە کەرتی غەززە. ئەوان بە ووونی ڕایانگەیاندووە کە دەیانەوێت هەمان شت بکەن. بیانووێکیان هەیە بۆ لەناوبردنی هەموو شتێک لە کەرتی غەززە. بۆیە، بەڕاستی هێزەکانی حەماس وەک داعش کوشتارکیان ئەنجامداوە، ئەمەش وا دەکات مووی لەشی هەرکەسێک ڕاست بێتەوە. کوشتارێک کە تەنانەت لە تاوانی جەنگیش تێدەپەڕێت. بەڵام تاوان پاساو بۆ تاوان نادات. حکومەتی ئیسرائیل دەیەوێت بە کوشتاری خەڵکی غەززە تۆڵە لە حەماس بکاتەوە.

تا ئێستا ڕوون نییە کە هەرشەکانی ئیسرائیل لە کۆتاییدا بەرەو کوێ دەڕوات. لەوانەیە دووبارە داگیرکردنی کەرتی غەززە بێت یان دووبارە لکاندنی بە ئیسرائیلەوە. بەڵام ئەنجامەکەی هەرچییەک بێت، ئەم شۆڕە بەکوشتاری بە وێنەی لەگەڵدا دەبێت. کارەساتێک کە پەم وایە جیهان، خەڵکی شارستانی جیهان، تەحەمولی ناکات و لە بەرامبەردا دەوەستنەوە. بەڵای من وەستانی دەستبەجێی شۆڕ کە لەمەوە داوای دەکەین، دەبێتە پرسکی بەپەلە بە هەموو هێزێک و هەموو حکومەتێک کە توزقاڵێک بەها بە ژیانی مرۆڤەکان قایل بێت. دەبێت لە دژی ئەم شۆڕە بوەستین. لە بارودۆخی ئێستادا حکومەتی ئەمریکا و حکومەتەکانی ئەوروپا بە بیانووی هەرشی دەندانەی حەماس ڕایانگەیاندووە کە لەبەراوانێ وبە تەواوەتی پشتیوانی لەحکومەتی ئیسرائیل دەکەن. بەڵام پاراستنی ئەم پێگەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی شۆڕەکە قورستر دەبێت. چونکە تاوانە جەنگیەکانی حکومەتی ئیسرائیل زیاتر دەبێت و قورستر دەبێت پاساو بۆ لایەنگرانی ئیسرائیل بهێنرێتەوە. بڕگریکردن لە ئیسرائیل بە بیانووی ئەوەی کە حەماس دەستی بە هەرشەکە کردووە، چیتر جێگەی خەی لە بیروڕای گشتیدا نابێت.

هیوادارم ئەم دەخە ببێتە هەی ئەوەی جیهانی شارستانی ڕاپەڕێت لە

دژی ئەم تاوانبارانە بوستت و لەگەڵ نەدات ئەم کوشتارانە بەردەوام بێت.

حەسەن ساڵحی: دەستاتدارانی کەماری ئیسلامی هەرشی حەماسیان وەک سەرکەوتن بە خەڵکی فەلەستین ئاهەنگ بۆ دڵگیران و پشکنکارانی تەلەفزیۆنە فەرمیکانی کەماری ئیسلامیش بە شەرمانە کوشتنی منداڵان و خەڵکی بێ دیفاعیان وەک دەستدرێژیکار پاساو بۆدەهێناوە. ئایا ئەم شێوە لە بەرژەوەندی کەماری ئیسلامیدایە؟ کاریگەرییەکانی لەسەر بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و ئێران و شێوەی ئێستا چی دەبێت؟

حەمید تەقوایی: کەماری ئیسلامی هەوە دەدات زەرترین سوود لەم شێوە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، هەزی خۆی نیشان بدات، بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەشتا دەسەاتی لەکخستنی شەکی لەو شێوەیی هەیە و هەوە دەدات هەزە ئیسلامییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکات.. هتد. بۆ گوتەی کەماری ئیسلامی، هەرشی حەماس گورزێکە لە حکومەتی "داگیرکەری قودس" و زیاتر تەپەی دژە ئیسرائیل لەدەدات.

بەڵام لە کەمەگای ئێراندا ئەم قسانە کەیارێکیان. خەڵکی ئێران تاوانکانی ئەم حکومەتیانە بینیوە کە بۆ بەراورد لەگەڵ تاوانکانی حەماسدا ڕەنگی پەونامێنێت. ئەگەر حەماس لە یەک هەرشدا هەزار کەسی کوشت، کەماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەاتی خۆیدا دیان هەزار کەسی هەر ئێران کوشت. نەک لە شەدا، بەڵکو وەک حکومەتێک هاوەاتیانی خۆی کەمەکوژ کردووە. دوا حاڵەتیش کەمەکوژی ١٠٠ کەسە لە ڕۆژی هەینی خوناوی زاهیداندا بوو. ئەمە حکومەتێکە کە تەقەی لە چاوکان کردووە و تەقەی لە منداڵان کردووە و کیمیابارانی قوتابخانەی کچانی کردووە و دەستدرێژی کردووەتە سەر زیندانییەکان و تاوانی دیکە. هەرکاتێک حکومەتێکی لەو جۆرە تاوانکانی حکومەتی ئیسرائیل ئاشکرا بکات، خەڵک تەنها بە زەردخەنەیەکی تاڵ وەڵامی دەداتەوە. دەڵێن سەرتا دەستە خوناوییکانت لە شوەنێک بشارەوە، ئینجا ئەوانی تر ئاشکرا بکە! خەڵک دەمکە دروشم دەڵێنەوە، فەلەستین بەجبهەڵێن، بیر لە ئەمە بکەنەوە. بۆیە ئەم فەلەستینەستیە لە کەمەگای ئێراندا هیچ جگایەکی نییە.

ئامانجی ڕژیم قەناعەت پێکردنی خەڵکی ئێران و بەدەستهێنانی خۆشویستی نییە. دەزانێت تازە کار لەکار ترازاوە. مەبەستی هەزنواندن و ترساندنی کەمەگایە. دەیەوێت نیشان بدات کە نەک هەر لەرزەک نییە، بەڵکو تەحەدای ئیسرائیلی کردووە. بەڵام ئەمە

کورتخایەن و ئاگوزار. هەروەک وتم لە درێژەی ئەم شیکردا کارساتێکی وا ڕوودەدات کە هەڵگیرسێنەرانی دەکۆنە بەر نەفرەت و تووڕەیی زیاتر لە لایەن خەڵکی نێک تەنیا ئێران بەڵکو خەڵکی ناوچەکە و خەڵکی فەڵەستین خۆی و خەڵکی جیهانی شارستانی. بەم مانایە لە درێژخایەندا کەماری ئیسلامی دەداوی ئەم شەڕیە.

ئەوەی کە ئەوان لە تیڤیکانی خیانەوە بەرگری لە کوشتاری منداڵان و خەڵکی ئیسرائیل دەکەن وەک کوشتنی دەستدرێژیکار، بە خەڵکی ئێران جەگەی سەرسوڕمان نییە. ئەم حکومەتەکە لەسەر تاوانی بەهایی بوون خەڵک دەکوژێت، لەسەر تاوانی بێ حیجاب دەکوژێت، لەسەر تاوانی لادەر و کوفر و سوکایەتی بە پیرۆزییەکان و هتد دەکوژێت. بە شێوەیەکی سروشتی ئەم کەسانە پێیان وایە تەنانەت منداڵەکی ساواش وەک دەستبەسەرداگرتن دەبە بکوژرێت. ئەم لۆژیکە تەنیا بە خوێندنەژانی وەک کەماری ئیسلامییە، هیچ کەسێک کە هەستی مرۆڤایەتیی هەبێت نێک هەر ئەو جۆرە پاساوانە قبوڵ ناکات، بەڵکو تووڕەیی و ڕق و کینەی بەرامبەر بەو تاوانبارانە زیاتر دەبێت و ئیرادەی بە ڕووخاندنی ئەم حکومەتە بەهێزتر دەبێت.

بەڵای من ئەم شەڕە مەیدانی شەڕکی نوێ لە بەردەم شەڕشی ژن ژیان ئازادیدا دەکاتەوە. گەڕپانی خەبات لە دژی حکومەتێکی شەڕخواز کە سەرمایەی سیاسی لە نەهامەتیەکانی خەڵکی فەڵەستین و ئیسرائیل بنیاتناوە. شەڕش لە ئێران تاکە ڕێگاچارەی ڕاستەقینەیە کە بتوانێت سەری ماری ئیسلامی سیاسی کە کەماری ئیسلامییە بدابڕزوێدا و بەم شێوەیە خەڵکی ناوچەکە لە دەست هەڕەشە ئیسلامیەکان ڕزگار بکات. خەڵکی ئێران ئەمە دەزانن، خەڵکی جیهان ئەمە دەزانن و من پێم وایە ڕووی ڕەشی ئەم شەڕە بە کەماری ئیسلامی دەمێنێتەوە و دەداوی ئەم شەڕە کەماری ئیسلامی دەبێت.

حەسەن ساڵحی: هەڕەشەی ئاستەوەکانی ئۆپۆزسیۆن کە بە زۆری پاشایەتیخوازەکان، هەرشی دەندانەی حەماس دەخڕنە ئاستەی خەڵکی فەڵەستین و پۆپاگەندەکانیان دژی فەڵەستینییەکان و عەرەبەکان چەتر بووەتەوە. پەت وایە ئاگری ئەوە هەیە ئەم پۆپاگەندە ڕەگەزپەرستانەی هەڕەشەئاستەوەکان بە لە بەرچاوگرتنی دوژمنایەتی خەڵکی ئێران لە گەڵ هەڕەشە ئیسلامیەکاندا جێگایەک لە کەمەگادا بکاتەوە؟

حەمید تەقوایی: ڕەنگە ئەوانیش لایەنگریان هەبێت، بەڵام جێگایەک نادزنەوە. ئەم شەڕشە شەڕشی ژن ژیان ئازادیە. شەڕشی نەتەوەیی-

نیشتمانی و پیاو نیشتیمان ئازادی وکوروشی هەخامەنی و شانازیکردن بە دێرینەکانەوە و هتد نییە. ئەمە شێوەکی نوێیی نییە، شێوەکی ئینسانییە. خەڵک خۆی ئەمڕۆ ئاگایاندووە، دروشمی سەرکی شێوش ئەمە دەڵێ. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، تەنانەت ئەمڕۆش هێزە پاشایەتیخوازەکان لە نێو خەڵکدا جێگەیەکی ئوتۆپیان نەبووە.

بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بەم شێوەیە، وەک هەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە کۆشێ فەلەستین هاتە ئاراوە، ڕەنگ و ڕیشەکەی ناڕەزایەتی بوو بەرامبەر بە ئاوارەبوونی خەڵک لە وڵات و ماڵی خۆیان و لەپێناو بەدەستهێنانەوەی چارەنووسی خۆیان، کە خواستێکی پشکۆتنخوازانە و مرۆڤدۆستانەیە. بەڵام کاتێک ئەم خواستە مرۆڤانەیان لە لافاوی ئایینی و قەومی و ڕەگەزیدا پێچایەوە، بوار بە ماندەکردنی هێزە ڕەگەزپەرستەکان هەبوو. هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و بەتایبەتی پاشایەتیەکان بشکن لەو هێزە قەومی و ڕەگەزییانە. ئەوان تۆپی ئێران و ئێرانییەوون لەدەدەن و دژە عەرەب و دژە ئەفغانین. لەم دواییانەدا شایتحاڵی ئاق و کینەیان بووین بەرامبەر بە کۆچبەرانی ئەفغانستان. نەفرەتکردن لە عەرەبکانیش بشکە لە ناسنامەی ئەوان. دژی خەڵکی فەلەستین و حەماس و تاوانکانی دەخانە ئەستۆی خەڵکی فەلەستین. لە تویتێکدا نووسیم حەماسهەر ئەوەی کە کەماری ئیسلامی نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران دەکات، نوێنەرایەتی خەڵکی فەلەستین دەکات! واتە هیچ، مانای ئەوەیە حەماسیش وەک کەماری ئیسلامی دوژمنی خەڵکە.

لەم نووسینەدا، هێزە ڕاستەوەکان کە ناسنامەکەیان ئێرانییەوون و ڕەگەزپەرستی ئێرانی و گەورەیخوازی فارسەکانە بەرامبەر بە بیانییەکان و کۆچبەرانی ئەفغانی و عەرەب و فەلەستینیەکان،کەواتە خۆیان بشکن لە کۆشێ خەڵک. سیاسەتی ئەوان ئەوەیە چاو لە تاوانکانی ئیسرائیل دابخێن و تاوانکانی حەماس لە پێی خەڵکی فەلەستین بنووسنەوە. ئەمە هەڵە و پێگەی ئەوانە. ئەوان بانگەشە دەکەن، دروشم دەدەنەوە، هەوڵستیان لەسەر ئەمە هەیە و بە بەوای من یەکێک لە ئێرکەکانی هێزە پشکۆتنخوازەکانی وەک حزبی ئەمە ئەوەیە کە لە دژی کەماری ئیسلامی و دژی هێزە ئیسلامییەکان و دژی حکومەتی ئیسرائیل و دژی هەموو ڕەگەزپەرستەکان وهێزە قەومی ناسیۆنالیستیەکان، لەوانەش ڕەگەزپەرستی ئێرانییەینە مەیدان. هەموو ئەمانە نەوت بە ئاگری ئەم شێوەدا دەکەن و دەبێت بەریان پێبگیرێت.

حەسەن ساڵحی: هەروەک لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەت پێکرد،

پرسی فەلەستین و ئاوارەبوونی خەڵکی فەلەستین، پرسەکە کە مێژووەکەی هەندەی تەمەنی حکومەتی ئیسرائیلە، کە بووەتە ناوەندەکی قەیران و شەڕی ماوەرانکەر لە ناوچەکەدا. چارەسەری ئەم کێشەیە چییە؟ پێشمەرجەکانی چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین چین؟

حەمید تەقوایی: بەگومان لەم بارودۆخەی ئێستادا مەرجی یەکەم ئەوەیە کە بە زووترین کات ئەم شەڕە بوەستێنرێت. لە دەی ئەم شەڕەدا هیچ چارەسەرێکی سیاسی واقیعی و مومکین لە ئارادا نییە. ئەرکی یەکەم ڕاگرتنی شەڕە. هەرنە کە حکومەتەکانی ڕۆژئاوا سیاسەتێکی لەو شێوەیان نییە. لە لایەکی تریشەوە لە بڵەکی بەرامبەر ئێران و هەزبە ئیسلامییەکان و بڵەکی ڕووسیا – چین نێک هەر ئامانجیان ئەوە نییە دەستبەجێ شەڕەکە ڕابگرن، بەڵکو هەمویان بە جۆرێک لە جۆرەکان سوودی لە وەردەگرن. بەیە کێشەکە دەگەڕێتەوە بە دەسەڵاتی خودی خەڵک و هەزبە پشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانی جیهان بە تێکخستنی ناڕازایەتییەکی بەرفراوان لە دژی شەڕ و دەستبەجێی ڕاگرتنی شەڕ.

لە پەیوەند بەو پرسیارەی کە چارەسەری پرسی فەلەستین چییە، دەبە بەم کە چارەسەرەکە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە پەیدەچێت، یان باشتر بەم، پێچەوانەی ئەو هەوە و هەوشوێنانەی کە چەندین ساڵە بە ئاڕاستەکردنی گیراوەتەبەر، لەبنەڕەتدا شتێکی ئاڕاستە نییە. ئەم چارەسەرە ماوەیەکی زۆرە پشتیار کراوە، تەنها ئیرادەی سیاسی لەلایەن حکومەتەکانەوە نییە بە چارەسەرکردنی. وەک وتم دەردو ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین ئامرازێکە هەم بە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و هەم بەحکومەتی ئیسرائیل بە پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان، هەر بۆیە نایانەوێت ئەم پرسە چارەسەر بکرێت. بەتایبەتی حکوومەتی تونڵەو و ڕاستڕەوی نەتانیاهۆ کە هەوڵی سەپاندنی یاسا ئایینییەکانی ئایینی جوولەکە دەدات بەسەر کۆمەڵگادا، سوود لە ململانێ لەگەڵ هەزبە ئیسلامییەکانی وەک حەماس وەردەگرێت.

لەم دۆخەدا ئیرادەیەکی سیاسی بە چارەسەرکردنی کێشەکە بوونی نییە، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکە شتێکی ئاڕاستە نییە. هەمان ڕێگایە کە ماوەیەکی زۆرە وەک چارەسەری دوو دەوڵەت پشتیار کراوە و ئەمڕۆ لەبیر کراوە. چارەسەری دوو دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەوەی کە خەڵکی فەلەستین وەک خەڵکی ئیسرائیل مافی ئەوەی هەیە کە بەهرەمەند بێت لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیدا. پێویستە جیهان دان بە مافی هەبوونی خاک و دەوڵەتی فەلەستینی سەربەخۆ و یەکسان لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا بناسێت. وشەی سەرەکی "مافی سەربەخۆ و یەکسان" و نەک

حکومەتکان وەک حکومەتی خەبەر و لە ئیستیدا لە ژێر چاودێری حکومەتی ئیسرائیل لەگەڵ هەزە ئیسلامیەکان. حکومەتێک کە خەڵکی فەلەستین بە ئاستی بتوانێت لە هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراسیدا هەڵبژێرێت و بتوانێت کەمتەرخەمی تایبەت بە خۆیان هەبێت شانبەشانی دەوڵەتی ئیسرائیل وەک حکومەتێکی سەربەخۆی. خەڵکی ئیسرائیل، خەڵکی فەلەستین، خەڵکی جیهان نەک هەر کۆشیارکیان لەگەڵ ئەم هەڵگایە نییە، بەڵکو بە تاکە هەڵگای ئینسانی و ئاستی دەزانن. هەمووان دەزانن کە مەحاڵە ملیۆنان کەس لە خاک و ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بکرێن و چاوەڕێی ئەوە بکەن کە شەڕ ووناداد و خەڵک تەسلیم دەبێت و هەژانە زیاتر و زیاتر لە ژێر فشاردا بێت. هەژانە شوێنی نیشتەجێبوونی جولەکەکان فراوانتر دەکەن، تەنانەت لە هەمان ئەو ناوچانەی کە بەخشیوانە بە فەلەستینییەکان. ووەنە کە ئەمە دەبێتە بارووتی تەقینەوەی چەندین شەڕ، وەک چۆن تا ئێستا بووە. بە چارەسەری ئەم کۆشیە دەبێت ماف بدرێت بە مافخوازان. پێویستە دان بە مافی ئینسانی خەڵکی فەلەستین و دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا بنرێت.

بە داخەوە ئەم چارەسەرە بە هۆی دامەزراندنی حکوومەتەکانی وەک نەتەنیاهۆ لە ئیسرائیل و هەزە هەوساربچاوەکانی وەک حەماس و حزبوواللە زیاتر و زیاتر دەست پێدانگیشتوو دەکەوێت بەرچاو. هەر بۆیە پخستنەلاوە و پەراوێزخستنی ئەم هەزانە پشمەرجی یەکەمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کۆشیە. پێویستە خەڵکی جیهان لەپاڵ داوای کۆتایی هێنان بە دەستبەجێی شەڕ جەخت لەسەر ئەم چارەسەرە مرۆیە بۆ کۆشەی لەمەڕینەی فەلەستین بکەنەوە.

حەسەن ساڵحی: پێویستە هەزە پشکۆتنخوازەکان و خەڵکی جیهان و بۆتایبەتی خەڵکی ئێران لە وەڵامی ئەم شەڕە بەربەریەدا چی بکەن؟

حەمید تەقوایی: بە گشتی ئەو جۆرە شەڕانە خەشبەختانە لەلایەن هەزە پشکۆتنخوازەکانی جیهانەوە ئیدانە دەکرێن و بزووتنەوەیەک لە دژی دروست دەبێت، دژە سەر شەقام و ناڕازایەتی دەردەبڕن. پێویستە لەم حاڵەتەدا دیاریکاوشدا بێتە سەر شەقامەکان دژی هەردوو لایەنی شەڕەکە. بە گومان خۆپیشاندان و ناڕازایی جۆراوجۆر لە دژەوەی وڵات بەڕێوە دەچێت. هەندێکیان لایەنگری ئیسرائیلن، هەندێکیان لایەنگری حەماسن، بەڵام هەڕەستی ئینسانی هەڕەستی سەیرەمە. پێویستە دژی هەردوولا بێت. وەک ئایگەیەنت کە ناتوانرێت لە ڕەگەی ئەم هەزانەوە پرسی فەلەستین چارەسەر بکرێت. ئەمانە لە بوونی ئەم ململانێیە دەخۆن. لەسەر ئەم بنەمایە دەستاتی خۆیان، سامانی خۆیان

بەدەستهێناوە و دەیانوێت بیهێنەوە. بە چارەسەرکردنی شێوەکە، پەیوستە خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل و خەڵکی هەموو جیهان یەکبگرن.لە دژی شە و لەدژی هەڵگیرسێنەرانی شەر، بێنە سەر شەقامەکان ، بە کۆتایی هاتنی دەستبەجێی شەو جەخت لەسەر چارەسەری ئینسانی پرسی فەلەستین بکەنەوە.

پەموایە لەم نووسینەدا خەڵکی ئێران و شێوەی ژن ژیان ئازادی لەبیر نەکرێن و هەوڵ بدەین ئەو بابەتانە بخەینە بەردەم خوێنەران. وەک وتم کۆماری ئیسلامی قاچەکی گرنگی ئەم شەڕەیە. دەیەوێت سوودی لە وەرگرتن بە ئاوەی پێگەی خۆی لەم دۆخە ناجێگیر و مەترسیدارە بۆزگار بکات کە شێوازی هەیە. بەدنیایی لە بەرامبەر ئەم هەوڵانەدا پەویستە، شێوەی ژن ژیان ئازادی زیاتر لە ئاوێنەی جەخت لەسەر دروشم و داخوازییە ئینسانیەکانی خۆی بکاتەوە و هێگە نەدات حکومەت لە سایەی ئەم شەڕەدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا پاشکۆی پەبکات. لە دڵی ئەم شەڕەدا، پەویستە شە و هەرشەکی دیکە بە دروشمی کۆتایی هاتنی دەستبەجێی شە و بەمرەت خامنەیی شێوازو و بە تەحەدایەک بە کۆماری ئیسلامی وەک لایەنگری هەزە ڕەشە ئیسلامیەکانی وەک حەماس وحزبواللە.

ئێران تاکە وڵاتێکە کە شێوەکی مەزنی لەدژی بەبەی پشتی ئیسلامی سیاسی تێیدا بەدیهێنەرچێت، پەویستە سەرنجی خەڵکی جیهان بە شێوەی ئێران وەک بەرەیەکی گرنگ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە شەڕە ناوچەییە ڕابکێشرێت. ئەم شێوەیە تا زیاتر بەرەوپێش بچێت و دواجاریش کە کۆماری ئیسلامی دەوخەنەت، خەڵکی جیهان و خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتی لە شەی هەزە تیرۆریستە ئیسلامیەکان ڕزگار دەکات. بە شێوەیەکی واقیعی و بابەتیانە، شێوەی ئێران دەبێتە بەرەیەکی گرنگی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و بە وەستاندنی نەک هەر ئەم شەڕە بەڵکو بە دەبێتە هەی کۆتایی پەهێنانی یەکجاری بە شە و دوژمنایەتییەکانی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان لە داهاتوودا.

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

تەنگەژەی گومانێ بە هیواکان..
شیعری شوان شەفیق

کەوتووەتە گەمەکی قوولەوە
مانگ زەنگیانەیە بەدەستمەوە!
بەرچاوم لێ
تەنها ئاسمانم لە دیارە،
پێ دەچێ لەم شوێنە پاپەڕک تێک شکابێ
دەبێ سەرنشینەکانی لە کوێ بن؟
وا کەس دیار نییە
دەست دەگەرم
داخە دەتوانم بگەم بە دەروازەی ڕزگاربوون!

پەیژەیەکی دارین بەجێ ماوە
پلیکانەکانی بەرگەی سەرکەوتنم ناگرێ
بە کەڵك و ڕزیوە!
لەو لاشەوە
لە ژێر پەمدا دەفلیقێتەوە "هەقیقەت"
قوڵاو دەموچاوی داپۆشیووم
ختووکەم دەدا هەستەکانم،
وردە وردە هەزم بڕەو لاوازی دەچێ ناسڕەکە!

دەنگێک دەبیستم
لە دوورەوە دێ
دەنگێك ئاشنایێ بە گوێکانم
دەمەوێت بەمێ دەر و ناتوانم
دەمەوێت هەنگاو بنێم و ناتوانم
وەک ئەو مشکەم لە هاتووە
کە سیکەتینی بە خراوەتە سەر کارتەنێکی دڕاق
دەبێ بە خواردنی چەند سڵک پەنیر سزا درابم؟
سەر بەرز دەکەمەوە
ئاسمان تەنراوە بە ئەستێرە
ئەستێرەی بەختم لە کوێیە؟

هاوینم لا پاییزە و
پاییزیشم لە زیزە

ماسی حەزم ئاو کراوە
لەم وەرزی قاتوو قەیدا
ژیان لە مرۆڤ تەکدراوە!

بە وڕێ نیم،
دەبێت ئەژ هەبەتەوە
ئەو لیتەیەی تەی کەوتووم
چاوەڕێم وشک بێتەوە
گووژمیش دەخەم
گیانم دەجەنێنە
سەرم لە شەواوە
بیرکردنەوەش
لە خاکی سفردا تەزیووە!

دیدارێک لەگەڵ هونەرمەندی شۆکار بەفرین ئیبراهیم

بەفرین ئیبراهیم: لە کوردستان گرنگی بە هونەرە جوانەکان وەک شۆکاری و پەیکەرتاشی نادرێت
بەفرین ئیبراهیم :پرۆژە و ئاواتم ئەوەیە بتوانم هونەری کوردی بە جیهان بناسێنم
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

خاتوونی هونەرمەند" بەرفرین ئیبراهیم" هەرلەسەرەتایی قۆناغەکانی ژیانی منداڵی حەزوو ئارەزووی بە هونەری نیگار کێشان هەبووە،هەروەها لە بواری نواندیش بەهرەکی باشی هەیە بەشداری چەندین کۆرتە فیلمیش کردوە، خاوەنی چەندین پیشانگای شۆکاریە،کاریگەری هونەرمەندی جیهانی (ڤانگۆ)،لەسەر کارە هونەریەکانی ڕەنگی داوەتەوە لە تابلۆکانیدا زیاتر بابەتی ئافرەت و ژینگە لە خۆ دەگرێت بەهۆی دەست ڕەنگینی لە هونەری شۆکاری داواکاری زۆری لەسەر تابلۆکانی هەیە هاوڵاتیان لە ڕەگەی تەکنیکەماتیەکان داوای تابلۆکانی دەکەن بەمەبەستی ئاگادار بوون

لە چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هەفتەیەنەمان لەگەڵی سازدا.

- ئەگەر بکرێت بە خوێنەرامان باس لە ژیانی هونەری خۆتان بکەیت.
- من بەفرین ئیبراهیم بە" بەفرین چەلەبیانی " ناسراوم ،خەڵکی مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم و پێشتر لە ئێران 6 پێشانگای شێوەکاری و 2 پێشانگای کاریکاتێرم کردووە، بەڵام ئەمە چەندساڵێکە لە سلێمانی دەژیم و لە دوو گەلەری دایمەند و نەوا ئیشی هونەری دەکەم و هەروەها لە چەندین گەڕەکی تایبەتیەکان داواکاری خەڵک وەرئەگرم و تابلۆی شێوەکاری بۆیان دەکێشمەوە .
*بۆکامە هونەرمەندی شێوەکاری کورد یاخود جیهانی سەرسامیت و کاریگەریان لەسەرت هەبووە؟

- زیاترین کەسێکی هونەرمەندی گەورە لەسەر من کاریگەری هەبووە ڤانگۆک بووە کە هەم بە کارەکانی و هەروەها ژیاننامە و شێوازی جیهانبینی کاریگەری لەسەر من داناوە و تەنانەت چەند بەرهەمێکم کێشاوەتەوە و هەروەها ئیلهامم لە تابلۆکانی وەرگرتووە بە کارەکانی خۆم.
- چۆن هەڵسوکەت لەگەڵ ڕەنگەکان دەکەیت و بە جوانکردنی تابلۆکانت بەکار دەهێنیت؟
- من هەم بە ڕەنگی ڕەنی و هەم بە ئەکریلیک ئیش دەکەم بەڵام زیاتر ڕەنگەسەرکیەکانم هەیە و خۆم تێکەڵاویان دەکەم و ڕەنگی تازەیان لە دروست ئەکەم لە هەمان کاتدا هیچکات ڕەنگە سەرکیەکان بە تەنیا بەکار ناهێنم و هەوڵ دەدەم بە تەنکی دەخواز و تایبەتی خۆم بیانگۆڕم و بەکاریان بهێنم. من کاتێ تابلۆیەک دەکێشم خۆم لە نێو تابلۆیەکە دەبینمەوە لەگەڵیدا دەژیم هەست دەکەم لەو دونیاییەدا دادەبڕم.
- بابەتەکانی تابلۆیەکانت چین؟
-بابەتی تابلۆکانم هەمووشتێک لەخۆ دەگرێت بەهەی ئەوەی کە من بەپێی داواکاری خەڵک کارئەکەم و ئەوانیش هەمووشتێکی جەراوجەر داوا دەکەن بەڵام وەک حەزی خۆم کە زیاتر بابەتی ژن و ژینگە لە کارەکانم هەڵدەبژێرم چونکە هەست ئەکەم زۆمیان لە کراوە.
- قوتابخانەکانی هونەری شێوەکاری زەرن وەکو (واقعی ، سوریالی ،تەجریدی ..) تێ زیاتر لەکام قوتابخانەی هونەری کار دەکەیت؟

- ئەوانەی کە داواکاری خەڵک بن زیاتر واقعی یان ڕیئالن و وەنەی کەسکی تایبەت یان سروشت و گیاندارە بەڵام خەم زیاتر کاری سورڕئالم پێ جوانترە و هەروەها ئیمپرسیۆنیزم و کارەکانی مامەستا ڤەنگەک سەرنجم ڕادەکێشن و کار لەو بوارانەش دەکەم.

*پێتان وایە بەهرەی خەرسک ،بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی هونەرمەند داهێنان بکرێت؟

- پێموایە هەموو مرۆڤێک جارێ بەهرەیەکی تەدایە و خەرسکیش گرنگە بەڵام ئەوەی کە کەسێک پێشدەخات هەوەدانی بەردەوام و بێ وچانە و چەندە کاتی زیاتر بۆ شتێک دابین بکەی ئەوەندە تێیدا شارەزا دەبیت بۆیە دەڵێم بەردەوامی و هەوەدان.
- ئەو کێشەو گرفتانە چین کەدەبنە ڕێگر لەبەردەم کاروانی هونەریت ؟
- بەداخەوە بەربەستیش هەر هەیە بۆتایبەت لە کوردستان گرنگی بە هونەرە جوانەکان وەک شێوەکاری و پەیکەرتاشی نادرێت و لە دانانی پێشانگایەکی نوودوێتی کە ناتوانین بیکەین تا هەڵگرەی هەندە کەسانی تواندەو کە دەڵێن کارەکەت حەرامە تووشی زەحمەتی و ناخۆشی دەبین.

*پرۆژەی داهاتووتان هەیە؟

- من بەردەوام دەڵێم پرۆژە و ئاواتم ئەوەیە بتوانم هونەری کوردی بە جیهان بناسێنم و هیوادارم ڕۆژێک بتوانم لە زەریای وەتان پێشانگای هونەری کوردی بکەمەوە.

JUST
BE

حەز.. شیعری دڵکەش قادر

تۆ ئاوازێکی غەمگینی بەسەر دوا هەنسکەوە
هەنسکی من
ئاوازێکە لە میلادی بەفرباریندا بەربوونەوە
نەو دوا دڵۆپی شیعرێکی شەرمنەوە
شەرمنی تۆ
دوا نیگای دەنگی ژیانەوەی سلێمانیی و
ترپەکی حەزێکی شتانە
ئای یادی بەخێر
من و تۆ خونی هوێدا
کەوتۆتە سەر نینۆکی پەنجەتووتەمان.
حەوشەی پشتەوەمان
کەژانێکی غەمگینە و دەمانباتەوە سەر خوانێکی حەزێکی شتانە
شتانە وەک توانە لە ترپەکی چاڕ لە نیوەی شەودا.
سلێمانیی
دڵکەش قادر

سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان.. ڕزا شوان

شەواز و ڕەبازی دەربڕین و گوزارشتکردن، لە هەست و سۆز و لە خەیاڵ و بیر و هۆش و لە پێداویستییەکان و لە کێشە دەروونییەکان و گیاندنیان بە کەسانی تر، لە لای منداڵان جیاوازییان هەیە لەگەڵ گەورەکاندا. گەورەکان بە قسەکردنی ڕاستەوخۆ یا بە نووسین دەربڕین دەبەن و گوزارشتیان لێدەکەن و بە کەسانی تریان دەگەیەنن. بەڵام منداڵان بە زۆری لە ڕێی وێنەکێشانەوە گوزارشت لە ناخی خەیان دەکەن و دەیانخەنە سەر پەڕەی کاغەز.
وێنەکانی منداڵان، زمانێکی جیهانییە کە هەموو منداڵانی جیهان بەشداریی تێدادەکەن. بگومان هەموو منداڵان لە هەموو

قەناغەکانی تەمەنیاندا، لە ماڵەوە و لە باخچەی منداڵان و لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا، ئارەزوویەکی زۆریان بۆ وێنەکێشان هەیە، زیاتر لە هەموو چالاکییەکانی تر حەزی لێدەکەن. پەروەردەی هونەری وانەیەکی گرنگە لە پڕۆگرامی قوتابخانەی بنەڕەتیدا. منداڵ بەبێ هونەر منداڵێکی بێ دایک و بێ باوکە. وێنەکێشانی منداڵان، تەنیا چالاکییەکی ئەبستراکی (ناهەستی) ی بە مەبەست نییە، بەڵکو گوزارشتە لە هەستەکانی ناخی دەروونیان، لە خەیاڵ و خەون و لە هێواکانی ئەمڕۆ و داهاتوویان، لەو شتانەی خۆشیان دەوێت یا خۆشیان ناوێت. لە خۆشی و ناخۆشییەکانیان، لە گرفت و لە کێشە دەروونییەکانیان. لە پێداویستییەکانیان،...هتد.
سەرەڕای ئەوەش چەژ و خۆشییەکی زۆر بە منداڵان دەبەخشن. لە کاتی وێنەکێشاندا چەند بۆشەکی مەشکیان چالاکتر دەبێت و خەیاڵیان فراوانتر دەبێت.
(چارلی چاپلن) دەڵێت:"من میهرەبانی لە منداڵەکەوە فێربووم، کاتێک کە بینیم لە پێڕاوی وێنەکێشانەکێیدا، خەری بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگ کردبووە، تاکو باوکە کرێکارەکەی لە کارکردندا ئارەق نەکات".
(پاپلۆ پیکاسۆ) ش دەڵێت" کە منداڵ بووم، چوار ساڵم بەسەربرد، تاکو وەکو مایکل ئەنجیلۆ وێنە بکێشم. بەڵام هەموو تەمەنم لە ڕاهێناندا بەسەربرد، تا بتوانم وەکو منداڵێک وێنە بکێشم" دەشڵێت:"زەر شت لە هونەری زارۆکانەوە فێربووم".
وێنەکانی منداڵان ئاوێنەی بەگەردی زادەی هەش و خەیاڵ و دەروونی پاکی منداڵانن.
منداڵان خاوەنی هونەری وێنەکێشانی تایبەتی خۆیانن. دەستوور و ڕێباز و ستایلی خۆیان هەیە. پێوەندییان بە بنەماکانی هونەری کۆن و تازەوە نییە. منداڵان لە تابلۆکانیاندا، کۆن و نوێ و ڕێبازی هەموو قوتابخانە هونەرییەکانی وێنەکێشان بەرجەستەدەکەن. ئازادن کە چۆن خۆیان حەزبکەن و بیانەوێت ئاوها تابلۆکانیان دەکێشن و ڕەنگیان دەکەن. بۆیە نادروستە و نابجێیە، ئەگەر بە پێوەری ئاکادیمی، پێوانەی وێنەکانی منداڵان بکرێن.
وێنە گوزارشتێکی هەمایی هونەرییە، هەروەکو رستەی ئاخاوتن کردنە. دەکرێت وێنەکانی منداڵان، پەیامێکی ئاراستەکراوبێت بە دایکان و باوکان و مامۆستاکان و بە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەریانن. دەشێت وێنەکانیان چەندین گلەیی و گازندەیان لەخۆگرتووبوون، یا گوزارشتبن لە خۆشی و خۆشەویستی و لە گۆشبینی و هیواکانیان.

وێنەی منداڵان چییە؟ مەبەست لە وێنەی منداڵان، ئەو هەڵکارییە ئازادەیە، کە منداڵان گوزارشتی لێدەکەن و دەیخەنە سەر کاغەز و دار و دیوار و بەرد و شەقام یا هەر رووبەکی تر، تەنانەت لەسەر جەستەی خۆشیان وێنە دەکێشن. منداڵان لەو کاتەوە دەست بە وێنەکێشان دەکەن، کە پەنجە ناسکەکانیان دەتوانن پێنووس و فرشە، یا تەباشیر بگرن. واتە لە تەمەنی (١٠) مانگانەوە کە هێشتا گۆوگاڵ دەکەن و بە تەوای پێیان نەگرتووە تا باڵقبوون. کە بە شانازی و چاوگێشی و خەندەوە وێنەکانیان، پێشانی دایکان و باوکانیان دەدەن و چاوەڕێی کاردانەوە و وەڵامیان دەکەن. بەڵام ئایا هەموو دایکان و باوکان، ئەوە دەزانن کە چ واتا و مەبەستێک لە پشتی هەڵکاری و وێنەکانی منداڵانەوە هەیە؟ ئەی دەزان بە چی شێوازێک وەڵامیان بدەنەوە؟ ئایا دەتوانن لە ڕێی ئەو هەڵکاری و وێنانەوە، بچنە ناو جیهانە بەرین و پاک و سەیر و سەمەرە و ئەفسوناویی‌کەی منداڵان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە لای خودی دایکان و باوکانە.
ئەم قەناغەی منداڵی زۆر گرنگە، پێوەستە دایکان و باوکان پەداویستییەکانی وێنەکێشان و ڕەنگکردن، لە پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ و بەیەی ئاوی و فرشە و کاغەز بە منداڵەکانیان دابینبکەن و بیانخەنە بەردەستیان. با بە ئەوپەڕی ئازادی و بە ئارەزووی کامی دڵیان، هەڵکاری و وێنەبکێشن. دەستخۆشی و ئافەرینیان بکەن.
(پاپلۆ پیکاسۆ) دەڵێت:"هەموو منداڵێک هونەرمەندە، کێشەکە لەوەدایە کە چۆن بە هونەرمەندی بمێنێتەوە".
منداڵان لە ڕێی وێنەکێشانەوە، گوزارشت لەو شتانە دەکەن کە هەستیان پێدەکەن، نەک ئەو شتانەی کە دەیانبینن. ئامانجی سەرکێشیان هونەر و داهێنان نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوە و گوزارشتکردنە لە هەستە دەروونییەکانیان.
(ویلهام فیولا) دەڵێت:"منداڵ ئەوەی دیزانێت وێنەی دەکێشێت نەک ئەوەی دەیبینێت".
(مایکل ئەنجیلۆ) ش دەڵێت:"مرۆڤ بە ئەقڵی وێنە دەکێشێت نەک بە دەستی".
(ڤینسێنت ڤان کۆخ) یش دەڵێت:"خۆزگە بە وێنەکێشانەوە دەبینم، دوایش وێنەی خۆنکەم دەکێشم".
(پیکاسۆ) ش هەمان ڕا و بۆچوونی هەیە و دەڵێت:"من وێنەی ئەو شتە ناکێشم کە دەیبینم، بەڵکو وێنەی ئەو شتە دەکێشم کە بیری لێدەکەمەوە".

کەواتە ویلهام و ڤان کەخ و پیکاسۆ، شتێ بینراوەکان وەلاوە دەنێن و شەدبەندەوە بە دیوەکانی ناوەوەی ناخیان. کە بە راستی ئەوە کار و بەچوونی منداڵانە، کە بە تەواوی لاسایی سروشت ناکەنەوە، بەڵکو منداڵان ئەندازیارن و تەمارکاری ناخین. بۆیە (نیل جایمان) دەڵێت" گەورەکان ئەو ڕێگایانە دەگرنەبەر کە منداڵان دەزیوێنێتەوە".
بۆگومان شەفافییەت و عەفەویەت لە وێنەکانی منداڵاندا بەدی دەکرێن. بۆ نموونە:
منداڵان وێنەی ڕووبارێک دەکێشن، ماسییەکان لەناو ئاوەکەیدا دیارن. وێنەی دایکان و باوکانی خۆشەویستیان دەکێشن، کە باڵایان لە باڵای چیای هەڵگوردیش بەرزترن. وێنەی خۆر دەکێشن کە پێدەکەنێت. وێنەی کەسێک دەکێشن و بە بەیەی ڕەش دەموچاوی ڕەش دەکەن چونکە خۆشیان ناوێت. زۆر جار منداڵی کەراوە و دەخەش، وێنەی خانوویەکی گەورە، لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا دەکێشێت و بە هەموو ڕەنگێ گۆشەکان بەیەی دەکات، ئەم خانووە، بە لای منداڵانەوە هەمای ئاسوودەیی و خۆشەویستییە بە خەزانەکانیان. منداڵانی گۆشبین و متمانەبەخۆ، وێنەی خۆیان بە گەورەیی لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا دەکێشن. بەڵام منداڵانی شەرمن و نەکراوە و بە کەمایەتی نەبوون، وێنەکانی خۆیان بە بچووکی دەکێشن. ئاگەر لە گۆشەیەکی لاپەڕەکەدا کەشای، بە واتا منداڵێکی گۆشەگیرە. ئاگەر وێنەی گوێ و خەری گۆشیان کەشا، بە واتا گۆشبین و هیواخوازن، ئاگەر… هتد. تا ڕادەیەکیش جیاوازی لە نێوان وێنەکانی کچان و کوڕاندا هەیە. کوڕان بە زەری حەز لە کەشانی وێنەی ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و تەپ و سروشت دەکەن، کچانیش حەز لە وێنەکەشانی بووک و زاوا و هەڵپەڕکێ و لە گوێ و گوڵزار و پەپوولە و خانوو دەکەن. بۆگومان باردوخی ئەو ژینگەیەی کە لێی دەژین، کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیان لە وێنەکانیانی منداڵاندا هەیە.
سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان، یەکێکە لە لقەکانی زانیاری دەروونی، کە باس لە ڕاستییە سایکۆلۆژییەکانی پەیوەندار بە سەرهەڵدان و پێشکەوتنی وێنەی منداڵان لە هەموو قۆناغەکاندا دەکات و جیاوازییەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە دەردەخات.
لێکۆڵینەوە لە سایکۆلۆژیای وێنەکانی منداڵان، گرنگییەکی زۆریان بە پەروەردەکاران و دەروونناسانی منداڵان و پزیشکانی دەروونناسی منداڵان و دایکان و باوکان و مامۆستاکان و شیکارانی وێنەکانی منداڵان هەیە. چونکە هێلکاری و وێنەکانی

منداڵان کەرستەیەکی گرنگن بۆ تێگەیشتن: لە دەروون، هەستەکان، پاڵنەرەکانی منداڵان و بۆچوونیان دەربارەی خۆیان و کەسانی تر، لە نەخشەیە دەروونیەکانیان. گەلێک لە کێشە نەرێنیی و ئەرێنییەکانی منداڵانیش دەردەخات. نەرێنی وەک گرفتاربوونیان بۆ (سترێسی و دووڵی) ئەرێنیش وەک (ئاسوودەیی و شادی). شیکردنەوەی وردی زانستیانەی وێنەکانی منداڵان، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە منداڵ و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پێوەی دەناڵێنن. یارمەتیی پسپۆرانی دەروونناسی منداڵان دەدات، بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی منداڵەتی.
ئەو هێڵکاری و هێڵکارییانەی کە منداڵانی بچووک دەیانکێشن، لە زانیاری دەروونناسیدا، هێمان و مۆبێستێک یا زیاتر دەگەیەنن. نەک وەکو هێندێک کەس ئەو هێڵکارییانەی منداڵان، بەبێ مانا و بێ پێوپووچیان دادەنێن. پزیشکان و شیکارە دەروونیەکان، لە ڕێی شیکردنەوەی ئەو هێڵکارییانەوە، کە بە بە زاراوەی زانیاری بۆ (گرافەڵەژی) ناودەبرێت، واتا لێکدانەوە و شیکردنەوەی وێنەی کێشراو. لە زۆر ڕووەوە کێشکان و ملمڵانێ و نهێنییە دەروونیەکانی ناخی منداڵان شیدەکەنەوە. چونکە وێنەکانی منداڵان هەکارێکە بۆ خامەشکردن و بۆتاکردنەوەی هەڵچوونە دەروونیەکانیان. ڕێگایەکیشە بۆ پەیوەندی و ناردنی پەیام بۆ گەورەکان. هەر لە ڕێی ئەم پەیامەشەوە شیکارانی وێنەکان و پزیشکانی دەروونناسی منداڵان، دەتوانن کێشە دەروونیەکانی منداڵانی موفتەلابوو، بخەنە ناو بازنەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.
ئەگەر بە وردی و تەسەلی، لە هەموو ڕوویەکەوە، باس لە لێکدانەوە و شیکردنەوە و سوودەکانی وێنەکێشانی منداڵان و ڕەنگ و ئەرکەکانی شیکارانی دەروونی و پزیشکان و مامۆستاکان و دایکان و باوکان بکەین و باس لەو ڕەنگانەش بکەین کە منداڵان، بۆیی ئارەزوو و مۆبێستەکانی خۆیان بکاریان دەهێنن، باس لە شوێن و قەوارە و شێوەکانی وێنەکانیان و لە مانا و مۆبێستەکانیان بکەین. باسێکی دوور و درێژ و چەندین لق و چێی لێدەبێتەوە. بۆ نووسینی چەند پەیەک کەتایان نایات. هیوادارم لە دەرفەتێکی کەدا، زیاتر تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتە گرنگە.

ڕزا شوان
نۆرویج: ٢٠٢٣